# بەشی زمانی کوردی

# کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سەلاحەدین

# بابەت: دەنگسازی


# خوێندنی باڵا (ماستەری زمان)

# د.عمر احمدعبدالرحمن

2024

د.عمر احمد

**دەنگسازی**: لێکۆڵەرانی بواری زمانەوانی زمانیان دابەشکردۆتە سەر چەند ئاستێک، ئەمەش بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و تێکەڵنەکردنی بوارەکان، واتە دابەشکردنی زمان بۆ سەر ئاستەکان کارێکی پسپۆڕانەیە، ئاستەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:




دیارە دەنگسازی یەکێکە لەو ئاستانەی،، کە پلیکانەی سەرەتایی گرتووە لە لێکۆڵینەوەکاندا، ئەم ئاستەی زمان ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوە لە یەکەکانی خۆی دەکات، یەکەکانی بریتین لە دەنگ (فۆن)، فۆنیم، برگە، هێز، ئاواز، تۆن.

ئاستی دەنگسازی بە گشتی دەبێت بە دوو لقی سەرەکی ئەوانیش بریتین لە (فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی) لەناو ئاستەکانی زماندا (فۆنەتیک و واتاسازی) بە ئاستی لاوەکی دادەنرێن، ئەمە وەنەبێ لەبەر ئەوە بێت، کە بایەخیان کەمتر بێت لە ئاستەکانی تری زمان، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە فۆنەتیک زیاتر پەیوەندی بە فیزیاوە هەیە و واتاش بە فەلسەفە.

دەنگسازی هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخی زانایان و ڕەوت و بۆچوونە زمانەوانییەکان بووە، لەم بارەیەوە هەوڵدەدەین بۆچوونی قوتابخانە زمانییەکان بەرامبەر ئەم ئاستەی زمان بخەینەوەڕوو:

١- **قوتابخانەی لەندەن**: لە ئەنجامی تێڕوانینی جیاوازی زمانەوانان هاتە کایەوە، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵداوە، گرنگترین ڕابەر و لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە (جۆن ڕۆبەرت فێرث– ١٨٩٠-١٩٦٠)، کە لەگەڵ کۆمەڵێک زمانەوانی تر لە زانکۆی لەندەن هەوڵیاندا گەشە بە لێکۆڵینەوە زمانییەکان بدەن، ئەم قوتابخانە زمانەوانیە هەوڵیداوە لەکاتی لێکۆڵینەوە

لە دیاردە زمانییەکاندا زیاتر گرنگی بە دەوروبەر بدات، واتە هەموو لێکۆڵینەوەکانیان بەهۆی دەوروبەرەوە لێکدەدایەوە و بە دەوروبەریان دەبەستەوە.

ئاستی دەنگسازیش یەکێک بوو لەو بوارانەی، کە فێرث گرنگی پێدەدا، لەم مەیدانەدا بیروڕا جیاوازەکانی دەخستەڕوو، بۆچوونە جیاوازەکانی فێرث لە تێڕوانینی ئەم زانایە بۆ فۆنیم دەستپێدەکات، کە وەک وێنەیەکی ئەبستراکت لە مێشک سەیری دەکات.

گرنگترین دەستکەوتی قوتابخانەی لەندەن بریتیبوولە بەستانەوەی دەوروبەر بە لایەنی زمانەوانیەوە، لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوابوو (فۆنیم) وێنەیەکی مێشکە، فۆنیمیان بەوە دیاری کرد، کەپەیوەندی بەو دەورووبەرەوە هەیە، کە فۆنیمەکەی تێدا دەردەکەوێت، واتە لایەنی (ئاسۆیی و ستوونی).

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا پەیوەندی ئاسۆیی کاتێک دێتە ئاراوە، کە لە کاتی قسەکردندا فۆنیمەکان بە پێی یاسا دەچنە پاڵیەکتری، بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر، بۆ نموونە؛ پەیوەندی ئاسۆیی دەنگەکانی وشەی (دار)، کە پێکهاتوون لە (د، ا، ر) دەچنە پاڵیەکتری و هەموویان بەیەکەوە بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وشەی داردا.

لە پەیوەندی ستوونیشدا (واتا) ڕۆڵ دەبینێت بە ڕەچاوکردنی واتایی دەتوانرێت لە شوێنی هەریەک لە فۆنیمەکانی وشەیەک فۆنیمێکی تر دابندرێت، کە ببێتە هۆی گۆڕینی واتا ئەگەر واتای گۆڕی ئەوە فۆنیمێکی جیاوازە وەک لە وشەکانی (شار –  مار – دار – یار – پار)

X = ش ⟵ x ≠ م ،  x ≠ د ،  x ≠ ی ، x ≠ پ

یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی قوتابخانەی لەندەن بریتی بوو لەوەی، کە فۆنۆلۆجیان دابەش کرد بۆ سەر دوو بەش:

١– یەکە فۆنۆلۆجییەکان (units phonology): بریتین لە تەواوی دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانی زمان.

٢– فۆنۆلۆجی ڕیتمی: فۆنیمە ناکەرتییەکان (suprasegmental phoneme) دەگرێتەوە، وەک (هێز، ئاواز، درێژی).

– جیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی لای (فێرث) یەکێکی تر بوو لە کارە گرینگەکان، ئەو پێیوابوو فۆنەتیک ڕۆڵی مادەی خاو دەبینێت، فۆنۆلۆجیش سیستەمێکە یاخو پرۆگرامێکە بۆ ڕێکخستن و خستنەپاڵ یەکتری ئەو مادده خاوانە.

**٢- قوتابخانەی پراگ:** ئەم قوتابخانە زمانەوانییە لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا، ڕابەر و لایەنگرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتیبوون لە؛ (نیکۆلای ترۆ پسکۆی ١٨٩٠–١٩٣٨)، (ڕۆمان یاکۆبسن ١٨٩٦–١٩٨٢)، (ویلیەم ماسیۆس ١٨٤٥–١٨٨)، (کارشیڤسکی ١٨٨٤–١٩٥٥).

لایەنگرانی قوتابخانەی پراگ لە ڕوانگەی ئەرکییەوە سەیری زمانیان دەکرد ، ڕوانگەی ئەرکی تێڕوانینی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە بۆ کەرستە زمانییەکان، بۆ نموونە؛ بە پێی ئەو بۆچوونە فۆنیم نەبەهۆی هەڵکەوتی دەروونییەوە نە بەهۆی لێکچوونی فۆنەتیکییەوە پێناسە ناکرێت، بەڵکو تەنیا پێویستە لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە پێناسە بکرێت، کە فۆنیمەکە دەیبینێت لەناو زنجیرەی دەنگدا، واتە لە زمانێکی تایبەتدا، بەمپێیە فۆنیم بچووکترین دانەی زمانە کە جیاوازی واتای دروست دەکات واتە ئەرکی جیاکردنەوەی واتای لە ئەستۆ دایە. (محەممەد مەعرووف: ٦٧).

ترۆپسکۆی داهێنانی زۆری لە بواری زمانەوانی و بە تایبەت دەنگسازی ئەنجامداوە، بەڕوونی جێپەنجەی دیارە، لە پێناسەکردنی فۆنیمدا دەڵێت؛ بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆجییە لە زمانی لێکۆڵینەوەدا، سەبارەت بە روونکردنەوەی فۆنیم لەڕووی شیکردنەوەی فۆنۆلۆجیدا دەڵێت؛ فۆنیم ئەو یەکە فۆنۆلۆجییەیە، کە ناتواندرێت بۆ یەکەی فۆنۆلۆجی تر شیبکرێتەوە، واتە ناتوانین بچوکی بکەینەوە دۆ یەکەی لەخۆی بچووکتر، یاخود دابەش نابێت بۆ یەکەی لە خۆی بچووکتر، هەروەها لە بەرامبەرکردنی دوو وشەدا دەبنە پێوەر بۆ گۆڕینی واتا.

– یەکێکی تر لە کارەکانی ترۆپسک بریتی بوو لە (دابەشبوونی تەواوکەرانە)، جگەلەمەش دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ڤاوڵ و کۆنسەنانتەکان و ڕۆڵیان لە پێکهاتەی دەربڕین یەکێکی تر بوو لە دەسکەوتنەکانی ترۆپسکۆی.

ترۆپسکۆی هەوڵیدا شێوازی بەرامبەرکردنەکان لێکبداتەوە، ئەمانەی خوارەوە نموونەیەکن لەو بەرامبەرکردنانەی کە ترۆپسکۆی ئەنجامیدا:

١– بەرانبەری تایبەت: لە کاتێکدا دەبێت، کە سیمای جیاکەرەوەی نێوان دوو دەنگ بریتیبێ لە یەک سیما، وەک؛ دەنگی /ت/ و /د/، کە سیمای جیاکەرەوەیان ژێدانی و بێژێییە.

٢– بەرانبەری پلەیی: کاتێک دروستدەبێت، کە جیاوازی لە نێوان فۆنیمەکاندا لە سیمای پلەییدا پەیدابووبێ، وەک جیاوازی نێوان فۆنیمی (کورت و درێژ).

٣- بەرانبەری هاوچەشن: ئەمەش لە کاتێکدا دێتەئاراوە، کە فۆنیمێک سیماییێکی جیاکەرەوەی هەبێت و ئەم سیمایە لە فۆنیمەکانیتردا نەبێت، وەک؛ دەنگی (پ ، ت ) دوو دەنگی کپن و سیمایەکی جیاکەرەوەیان هەیە بۆ دوو دەنگی بەرامبەر (ب ، د).

- یاکۆبسن یەکێکیترە لە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە، گرنگترین کارەکانی بریتیبوو لەوەی، کە لە بواری دەنگ لای منداڵی دەکۆڵییەوە، (دەنگی منداڵ و چۆنیەتی دروستبوون و دەربڕینی ئەو دەنگانە و توانای درکاندنی دەنگەکان و گۆڕانە دەنگییەکان لای منداڵ) ئەو بوارانە بوون کە یاکۆبسن زۆر گرنگی پێدەدان، یاکۆبسن لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ ئەو گرفتە دەکرد کاتێک منداڵ دەیەوێت دەنگی (ک) بدرکێنێ، کەچی بۆی ناکرێت بۆیە دەیکات بە (ت) ئەو دەیگوت دواهەمین ئەو کۆنسنانتانەی منداڵ دەتوانن لەیەکتری جیابکەنەوە هەردوو کۆنسنانتی (ڕ ، ڵ) ە، هەروەها ئەو پێیوابوو کە منداڵ سیفەتە تەقیوەکان پێش خشۆکەکان فێردەبن.

- کارێکی تری گرنگ لە کارەکانی یاکۆبسون بریتی بوو لە ڕێبازی دووانەیی (مبدآ الثنائی) یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە پەیوەندی بە بەرامبەرکردنی دەنگیەوە هەیە، کە لە ڕێگەی بەرامبەرکردنی دەنگەکانەوە دەکرێت چەندین لایەنی دەنگی دەستنیشان بکرێت، وەک؛ (فۆنیم و دایکە فۆنیم و دیاریکردنی ئەلوفۆن) لە کاتی بە یەکگرتنی وشەکاندا، لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین گرنگترین کارەکانی یا کۆپسن بریتیبوون لە: (دەنگ لای منداڵ) و (ڕێبازی دووانەیی).

٣- **قوتابخانەی کۆپنهاگن**: لە دانیمارک لە لایەن چەند زمانەوانێکەوە دامەزرا، کە بریتی بوون لە (ئۆتۆ یاسبرسن،ە. بیدەرسۆن ڤیجۆ برۆنداڵ، هانس یۆرجن ئۆڵدان، لویوس هێڵمسلیف) ئەم قوتابخانەیە پێیوایە زمان فۆرمە (شکڵە)، نەک (مادە) ناوەڕۆک، واتە دەنگ وەکوو فۆرم (شکل) یان وێنەی نابەرجەستە دەبینێت.

- گرنگترین کارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بریتیبوو لە چەسپاندنی پێوانەی بەرامبەری و بەکارهێنانی لێکۆڵینەوە لە ئاستی وشە و واتادا، یەکێک لە کارە گرینگەکانی (ڤیجۆ برۆنداڵ) بریتیبوو لە پێوانەی بەرامبەری و بەستنەوە و بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکان لە ئاستی وشە و واتادا.

- کارێکیتر بریتیبوو لە داهێنانی تیۆری (گلۆسیماتیک)؛ تیۆرییەکە پێشنیاری ئەوەی کرد، کە زمانی مرۆڤ لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی دەنگ پێکهاتووە، کە ئەم دەنگانە بەپێی یاسا

خراونەتە پاڵ یەکتری و دەنگەکانیش هەوڵدەدەن هەریەکێکیان ئەوەی لێیەوە نزیکە چالاکی بکەن.

لێکدانەوەی زمان لای ڕابەرانی ئەم تیۆریە ڕێڕەوێکی ماتماتیکی وەرگرتووە، کە دواتر چۆموسکی ئەوەی چەسپاند و دەنگەکانی زمانی بە ژمارەکان چوواند، کە چۆن دەکرێت لە ژمارە (٠–٩) ژمارەکانی تر دروست بکرێت، بەم شێوەیەش دەتوانرێت لە ڕێگەی چەند دەنگێکی دیاریکراوەوە هەموو زمان بە ڕێوەبچێت و ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕستە درووستبکرێت.

تیۆری گلۆسیماتیک چەند دەستکەوتێکی هەبووە لەوانە؛

١– ڕووتەنکردن: واتە کورتکردنەوەی زاراوە و زمانییەکان لەناو لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا، هەریەک لە یەکەکانی زمان هێمایەکیان بۆ دادەنا ئەویش بەمەبەستی کورتکردنەوە، وەک؛ ڤاوڵ– v ، کۆنسینانت – c ، پەیوەندی R – relation ، ڕستە s – sentence .

– یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن بریتی بوو لە سەیرکردنی دەنگ وەکو شکڵ یان وێنەی نابەرجەستە.

**جیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی**: ئاستی دەنگسازی بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بە دوو بەش یان دوو ئاست،کە بریتین لە(فۆنەتیک)و(فۆنۆلۆجی) .فۆنەتیک گشتییە و لە چۆنییەتی دروست بوونی دەنگ و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم دەنگە لە هەوادا و چۆنیەتی بیستنی دەنگەکە دەکۆلێتەوە, دەبێت بە چوار بەش یان لقی سەرەکی، وەک؛ (فۆنەتیکی فیزیکی ، فۆنەتیکی دڕکاندن، فۆنەتیکی بیستن، فۆنەتیکی تاقیکردنەوە).

بەڵام فۆنۆلۆجی تایبەتە و لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆلێتەوە ،هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتەوە هەیە فۆنۆلۆجی کاری لەسەر دەکات.

فۆنۆلۆجی ئەو بەشەی زانستی زمانە، لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کە بە هۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو و تایبەت لە یەکدەدرێن و دەخرێنە پاڵ یەکتری بۆ دروستکردنی دانەی لە خۆیان گەورەتر وەک (بڕگە).

هەر زمانێکی دونیا کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە سەبارەت بە دەنگەکان ،ئەو زانستەی لەم یاسایانە دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت (فۆنۆلۆجی) یاساکانیش بریتین لە:

١–فۆنیمەکان لە دەنگەکانیەوە دەستنیشان دەکرێن.

٢–لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لەیەکدەدرێن و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن.

٣–لە ئەنجامی لێکدان و چونەپاڵیەکی ئەم فۆنیمانە دەنگ هەیە دەگۆڕێ و هەیە دەسوێ و هەیە دەتوێتەوە و هەیە پەیدا دەبێت.


فۆنەتیک وفۆنۆلۆجی وەک هەموو زانستێکی تر یەکەی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، یەکەکانی لێکۆڵینەوەی فۆنەتیک بریتین لە (فۆن(دەنگ)، هێز، ئاواز، تۆن) دیرە مەبەست لە دەنگ دەنگی زمانییە، هی فۆنۆلنجیش بریتین لە (فۆنیم و بڕگە).

فۆنۆلۆجی  هەندێک جار بە (بەزانستی فۆنیمەکان) ناو دەبرێت. لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، لە جیاوازی ئەرکی دەنگەکان دەکۆلێتەوە دیراسەی فۆنیمەکان و دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێک لە زمانێکی تایبەتدا دەکات.

**جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی:** وەکو وتمان هەردووکیان لە دەنگی زمانیی دەکۆڵنەوە بەڵام هەر یەکە و بەشێوازێک. فۆنەتیک لە دەنگی زمانی دەکۆڵێتەوە بەگشتی  بەبێ ئەوەی دەستنیشانی بکات کە ئەو دەنگە لە چ زمانێکە، بەڵام فۆنۆلۆجی لە ئەرکی ئەو دەنگە دەکۆڵێتەوە لە ناو زمانێکی تایبەتدا، کە ئەرکی دەنگ پێشی دەوترێت (فۆنیم) .

بەشێوەکی گشتی لە چەند نمونەیەکدا جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دەخەینە ڕوو؛

کاتێک ئێمە قسە دەکەین ئەو زانیاریانەی لە مێشکماندا هەیە، لە ڕیزە دەنگێکی باردەکەین و بە هۆی ئەم ڕیزە دەنگەوە زانیاریەکان دێنە دەرەوە، دەنگەکان بە هۆی شەپۆڵەکان لە هەوادا دەگوازرێنەوە بۆ گوێی گوێگر. گوێگریش دەنگەکان لە ڕێگای قەناتی بیستنەوە وەردەگرێت و دەیاننێرێت بۆ مێشک و لەوێ واتاکانیان لێ بەتاڵ دەکرێت و بەم پرۆسەیە زانیاریەکان دەگوازرێنەوە. ئەم پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت.




ئەم سێ قۆناغە زانستێک لێی دەکۆلێتەوە پێی دەوترێت (فۆنەتیک)

**<u>قۆناغەکانیش بریتین لە:</u>**

١–چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکان و میکانیزمیەتی ئەندامی ئاخاوتن.

٢–چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم دەنگانە بە هەوادا بە هۆی شەپۆڵەکانەوە.

٣– پڕۆسەی وەرگرتنی دەنگەکان و ناردنیان بۆ مێشک و شیکردنەوەی واتاکانیان کە ئەمەیان میکانیزمیەتی گوێ و مێشک دەگرێتەوە.

بەگشتی چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکانی زمان و جوڵەی ئەندامی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنی دەنگەکان و گواستنەوەی ئەم دەنگانە لە بۆشای هەوا و شێوە و چۆنیەتی وەرگرتنی لە لایەن گوێگرەوە لە هەموو زمانەکاندا ،ئەمە (فۆنەتیک) لێیدەکۆڵێتەوە.

بۆ نموونە دەنگی (س) لە هەموو زمانەکاندا کە دروست دەبێت ناوەراستی زمان بەرز دەبێتەوە بۆ مەڵاشو، ڕێڕەوی هەوای هاتوو لە سییەکانەوە تەسک دەکاتەوە، لەم بارەدا ژێیەکان نالەرێنەوە بۆیە دەنگێکی کپ دروست دەبێت. ئەمە لە هەموو زمانەکان بەهەمان شێوەیە. ئەم زانیاریانە هەمووی فۆنەتیک پێمان دەڵێت.

بەڵام ئەگەر بێین باسی دەنگی [ س] بکەین لەناو سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی عەرەبی دا بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی درکاندنی دەنگی [س] دا، دەنگەکە بە قەڵەوی بدرکێنرێت ئەوا دەبێت بە [ص]. ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیدا دەبنە هۆی گۆرینی واتا، بە واتای ئەوەی ئەگەر لە هەمان دەوروبەردا فۆنیمی / س / بگۆرین بە /ص/ ئەوا دەبێتە هۆی گۆرینی واتا . وەک لە وشەکانی (سار:روشتین ، صار: بوو) . کە واتە لە زمانی عەرەبیدا هەردوو دەنگی [س،ص] دوو فۆنیمی جیاوازن ، چونکە دەبنە هۆی گۆرینی واتا. دەبێ بخرێتە ناو هێمای/س/ ،/ص/.

بەڵام لە کوردیدا ئەم دوو دەنگە [س ،ص] . ئەگەر لە هەمان ژینگەدا لە شوێنی یەکتر دایان بنێین ئەوا نابنە هۆی گۆڕینی واتا، وەک لە وشەکانی (ساڵ،صاڵ) دا ، هەمان واتایان هەیە بۆیە هەردووکیان دەبن بە دوو شێوەی جیاوازی یەک فۆنیم. واتە دەبن بە (ئەلۆفۆنی) یەکتر.

هەموو ئەو زانیارییەیانەی سەرەوە کە دەیسەلمێنن هەردوو دەنگی [س،ص] لە عەرەبیدا دوو فۆنیمی سەربەخۆن و لە کوردیدا یەک فۆنیمن و ئەلەفۆنی یەکترن، ئەم زانیاریانە فۆنۆلۆجی پێمان دەڵێت. چونکە باسی هەردوو دەنگی [س ، ص] دەکات لە ناو سیستمی زمانی عەرەبی و کوردیدا، کە تایبەت و دیاریکراون. کەواتە فۆنۆلۆجی گرینگی بەوە نادات دەنگەکانی ئاخاوتن لە ڕووی فیزیۆلۆژیەوە بناسێنێ. بەلکو وەسفی دەنگ دەکات لە ناو زنجیرەی دەنگدا ، واتە لە کاتی درکاندنی لە ناو زمانێکی تایبەتدا لە کاتی ئاخاوتن. واتە کاتێک دەنگەکان دەبن بە کەرەستە بۆ دانەی لە خۆیان ئالۆزتر.

دەکرێت جیاوازییەکان لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە؛

١– ئەنجامی هەر لێکۆڵینەوەیەکی فۆنەتیکی دەکرێت بەسەر هەموو زمانەکاندا جێبەجێ بکرێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە.

٢– فۆنەتیک ئەو زانستەیە، کە گرنگی بە ڕواڵەتی ماددی بەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەدات، بەڵام فۆنۆلۆجی لێکۆڵینەوە لەو لایەنەی دەنگەکان دەکات، کە ئەرکێکی تایبەت لە سیستەمی دەنگدا جێبەجێ دەکەن. بەم پێیە دەتوانرێت بە فۆنەتیک بگووترێت ( دەنگسازی ماددی) و بە فۆنۆلنجیش بگووترێت ( دەنگسازی ئەرکی ).

٣– هەردووکیان لێکۆڵینەوە لە دەنگ دەکەن، بەڵام فۆنەتیک لەڕووی ( درکاندن یان ماددییەوە ) لێکۆڵینەوە لە دەنگ دەکات، کەچی فۆنۆلۆجی لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات لەڕووی (پەیوەندییانەوە بە واتا).

٣– لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانیانەوە، فۆنەتیک کۆنترە لە فۆنۆلۆجی، چونکە ئەو کاردانەوەیەی، کە بۆ لایەنی ماددی فۆنەتیک هاتەکایەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی فۆنۆلۆجی.

**فۆنەتیک** : بواری لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی، لێکۆڵینەوەی زمانی مرۆڤە بەگشتی، وێڕای ئەمەش لەو ئەندامانە دەکۆڵێتەوەلاو مرۆڤ ، کە بە کۆئەندامی ئاخاوتن یان ئۆرگانی دەنگی ناو دەبرێن، لەڕووی چۆنیەتی کارکردن و پێکهاتن و بەشدارییان لە دروستکردنی زمانی مرۆڤ. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بە سێ لقی سەرەکی:

**یەکەم: فۆنەتیکی فیزیکی:** فۆنەتیکی فیزیکی ڕواڵەت و ناوەرۆک و چۆنیەتی دروستبوونی شەپۆلی دەنگ و چۆنیەتی دروستبوونی ئەو شەپۆلانە دەگرێتەوە.

دەنگ (فۆن) بچووکترین دانەی دەبگییە، لە ئەنجامی کۆمەڵە شەپۆلێکی بەهەوادا ڕۆیشتوو دروستدەبێ خێرایی ڕۆیشتنی ئەو شەپۆلانە نزیکەی (١١٠٠) پێیە لە چرکەیەکدا، بە هۆی لەرینەوەی تەنێک شەپۆڵەکان دروستدەبن و بە شێوەی ڕێک یان ناڕێک پێکدێن، نموونەی هەرا و گڤەگڤ بریتییە لە ناڕێکی شەپۆڵەکان و دەنگی مۆسیقا نموونەی ڕێکی شەپۆڵەکانە.

جووڵانەوەی هەوا لە جووڵانەوەی یەکەم کۆمەڵی گەردیلەی هەواوە دەستپێدەکات، ئینجا بەرەبەر، کۆمەڵەی یەکەمی گەردیلەکان کۆمەڵی دووەم دەجولێنێ و دووەم سێیەم دەجووڵێنێ ... تد، بەم شێوەیە دەنگەکان لە شێوەی شەپۆڵدا تا مەسافەیەکی تایبەت دەڕۆن

و بەرە بەرە شەپۆڵەکان بێهێز دەبن و دادەمرکێنەوە، پێش دامرکانەوەیان دەگەنە گوێچکەی ئەو کەسانەی کە لە سنووری ڕادەی ڕۆیشتنی ئەو شەپۆلانەن.

هەر تەنێک جۆری تایبەتی لەرینەوەی خۆی هەیە، کە دەوستێتە سەر چەند خاسیەتێک، وەک؛ (ئەستووری، باریکی، درێژی، قورسی و بۆشایی تەنەکە)، ئەگەر لەرەی جوولانەوەکە بەرزبوو ئەوا ئاوازەکەش بەرزدەبێ، هەروەها بە پێچەوانەوە.

ڕادەی بیستنی گوێی مرۆڤ بەپێی بەرزی و نزمی ڕادەی لەرینەوە دەگۆڕێت، بۆ نموونە؛ ئەگەر خولی دەنگێک لە (٢٠) خوول کەمتر بوو لە چرکەیەکدا، ئەوا گوێی مرۆڤ بەچاکی ئەو دەنگە نابیستێ، بەڵام ئەگەر لە (٢٠٠٠٠) خول زیاتر بوو لە چرکەیەک دا ئەوا گو ئەزیەت دەدا و ناتوانێ دەنگەکان لە یەکتری جیابکاتەوە.

لە ڕووی فیزیکیەوە گوتن وەکوو زنجیرەیەک دەبێت، کە سەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاستی دیار نییە ئەمەش پێچەوانەی (مەبدەئی فۆنۆلۆجییە)، چونکە نموونەکە دەڵێ؛ لە کاتی گۆکردنی وشەیەکی وەک (شار) هەر لە کاتی دەرهێنانی دەنگی (ش) دا، زمان خۆی بۆ بزوێنی (ا) ئامادەدەکات، کە ئەمە بە پێی شیکردنەوەی (تیشکی ئێکس و سپیکتۆرگراف) هەڵەیە، چونکە ئەمانە وا پیشان دەدەن دەنگ وەک زنجیرەیەکی هەمیشە بەردەوام دروستدەبێ و دەنگەکان تێکەڵ دەبن و دەچنە ناو یەکتری، بەڵام ئێمە شەپۆڵەکانی دەنگ کەرت دەکەین و دابەشیان دەکەین بە سەر چەند شەپۆڵێکی سادەدا، ئینجا هەر شەپۆلێکی سادە شیدەکرێتەوەل. ئەو فلتەرانەی کە شەپۆلی دەنگ جیادەکەنەوە لە ئاخاوتندا (قوڕگ و زمان و لێو و ... تد)ین، هەروها بەپێی گوێ ئاوازەکان لەیەکتری جیادەکرێنەوە.

کومەڵێک لەرە (فریکوێنسی)، کە نموونەی دەستنیشانکردنی ئاوازەی دەنگن وە یان بە پێی فریکوێنسی دەنگێ لە دەنگەکانی تر جیا دەکرێتەوە.  ئەو کۆمەڵە لەرەیە پێیدەوترێت (فۆرمانت) هەر ڤاوڵێک لە ڤاوڵەکانی زمان دوو فۆرمانتی گرنگی هەیە.

١– یەکەم فۆرمانتی نزم: کە بۆ چۆنیەتی کردنەوە قوڕگ دەگەڕێتەوە.

٢– فۆڕمانتی بەرز: بەستراوە بەچۆنیەتی و ڕاددەی کردنەوەی بۆشایی زار.

**فۆرمانت:** بریتییە لە کۆمەڵێک لەرە، کە ئاوازەیەکی تایبەت دەدەن بە هەر ڤاوڵێک و لە ڤاوڵەکانی تری جیا دەکەنەوە.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە هەر فۆرمانتێک بریتییە لە چەند ئاوازەیەکی لێکدراو هەر ئاوازەیەک لەم ئاوازانە پێیدەوترێت (هارمۆن) و لەرینەوەی یەکەم ئاوازەی دەنگێک پێی دەوترێت لەرەی بنەڕەتی. لە ڕاستیدا دەنگەکانی زمان هیچیان بە ڕێکوپێکی نادرکێندرێن، واتە خولەکانی دەنگەکان بەشێوەیەکی تەواو یەک لە دوای یەکەوە نایەن، بە تایبەتی کۆنسنانتەکان، لەبەر ئەم هۆیە بە کۆنسنانتەکان دەوترێ (دەنگە ناڕێکەکان)، بەڵام ڤاوڵەکان تا ڕادەیەک خولەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، یەک لە دوای یەکەوا دێن، لەبەر ئەوە بە ڤاوڵەکان **دەوترێت** (دەنگە ڕێکەکان)، هەروەها دەتوانرێت لەرەی ڤاوڵەکان دەستنیشان بکرێت. بەم جۆرە کۆنسنانت و ڤاوڵ لە سنووری فۆنەتیکی فیزیکیدا جیا دەکرێنەوە.

**دووەم**: **فۆنەتیکی درکاندن** (Articulatory. Ph): بریتیە لە چۆنیەتی کارکردن و جووڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن، کە دابەشدەبن بۆسەر سێ بەشەوە

أ- بریتییە لە سییەکان و ناوپەنچک و پەراسووەکان و بۆڕی هەوا، ئەم ئەندامانە کاری سەرەکییان بریتییە لە هەناسەدان، کە خۆی لە هەڵمژین و دەرکردنی هەوا دەبینێتەوە، جگە لەمەش ڕۆڵیان هەیە لە دروست کردنی دەنگەکانی ئاخاوتن.

١- **سییەکان**: دەوری سەرەکی دەبینن، کە لەڕێگەی هەناسەدانەوە تەوژمی هەوا دروستدەکەن ئەو تەوژمە بە پشت مەلاش و زار و لووت دا بەسەربەستی یان ناسەربەستی دەڕوا و دەنگەکان دروستدەبن، دەبێ ئەوە بزانین زۆربەی دەنگەکانی زمان لە ڕێگەی ئەو هەوایەوە دروستدەبن کاتێک هەوا لە سیەکانەوە دێتە دەرەوە لە کاتی هەناسەدانەوە، تەنها لە هەندێک زماندا چەند دەنگێک نەبێت لە ڕێگەی هەناسە وەرگرتنەوە دروستدەبن، وەک لە زمانی جۆرجی.

٢- **بۆڕی هەوا**: ڕێڕەوێکی کرکڕاگەییە بۆ تەوژمی هەوای دەرچوو لە سییەکان بەکاردێت ئەم ڕێڕەوە دەکەوێتە نێوان سییەکان و قوڕگ.

٣- **ناوپەنچک**: یارمەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی سییەکان دەدات لە کاتی هەناسەوەرگرتن و دانەوەدا.

بە بەرزبوونەوەی ناوپەنجێک هەوا لە سییەکان دێتە دەرەوە، هەروەها بە نزمبوونەوەی ناوپەنچەک هەوا لە دەرەوە دێتە ناو سییەکان.

**ب - قورگ و تاڵە باریکەکانی قورگ:**

**١- قوڕگ:** ئەندامێکی کڕ کراگەییە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی بۆڕی هەوا، لوولەیەکی ئێسقانی ڕەقی ئەڵقەئەڵقەکراوە لە چوار بەش پێکدێت، (ئێسقانی سێوی ئادەم، بنکە، هەردوو ژێکانی دەنگ، بۆشایی سی)، بۆشایی سی ئەو بۆشاییيە دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕێژەکانی دەنگ.

**ژێیەکان، دەنگەژێکان:** بریتییە لە دوو دەستە ماسولکەی نەرم، ئەم دوو دەستە ماسوولکەیە بەرامبەری یەکترن، بە ئێسقانی لوولەیی قوڕگەوە بەستراون، بەهۆی جووڵانەوەی ئەم ئێسقانەوە دەکرێنەوە و دێنەوەیەک، لەکاتی چوونە ژوورەوەی هەوادا بۆناو سیەکان ئەم ژێیانە هەمیشە کراونەتەوە، لە حاڵەتی کردنەوەی ئەم دوو دەستە ماسولکەیە ڤاوڵەکان دروست دەبن.

**هەڵوێستەکانی ژێکانی قوڕگ:**

١– لە باری کراوەییدا لەگەڵ دەنگی کپ (بێژێ)دا، ژێکان دەکرێنەوە بۆ نموونە؛ وەک لە کاتی دروستکردنی (س، ش، ک، پ، چ، ت، ف...تد).

٢– هەڵوێستی کراوەیی و داخراوی بەردەوام: ئەمەش لە کاتی دروستکردنی دەنگە ژێدار (گڕ)ەکان، وەک (ژ، ز، ڤ، گ، ل، ن، ڕ، و، ی، ...تد).

٣– هەڵوێستی تەنگبوونەوە: هەڵوێستی تەنگبوونەوە ئەمەش لەباری قسەکردن بە (چپەچپ) دا دەبێت، کاتێک بە (چپە) قسەدەکەین ڕێڕەوی نێێوان ژێکان تەنگدەبێتەوە.

٤– داخراوی تەواو: وەک لە کاتی درکاندنی (هەمزە)دا ژێکان لەناکاو دەکرێنەوە و دادەخرێن.

**ج- بۆشایی زار و لووت:** لە سەرووی قوڕگەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە هەردوو لێو، هەردوو لێوەکان دەوری ژێیەکانی قورگ دەگێڕن واتە ژێکان لە بۆشایی قوڕگ ڕێگا لە هەوا دەگرن، بەڵام هەردوو لێوەکان لە بۆشایی زاردا ئەو دەورە دەگێڕن.

ڕادەی بۆشایی زار بە پێی جووڵانەوەی زمان دەگۆڕێت چونکە زمان بەشێکی زۆری بۆشایی زاری داگیرکردووە، لە کاتی قسەکردندا بە شێوەیەکی زۆر چالاک بەرز و نزم دەبێتەوە.

سەقفی زار لە دوای دانەکانی ڕیزی سەرەوە دەست پێدەکات، دوای ئەویش پووک دێت دوای پوکیش مەڵاشوو دەست پێدەکات، کە پێیدەوترێت مەڵاشۆی ڕەق، ئەو بەشەی کە لە دوای مەڵاشووی ڕەق دەست پێدەکات پێیدەوترێت مەڵاشووی نەرم، کە دەورێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی چەند دەنگێکی زاری و هەموو دەنگە لووتییەکاندا.

لە کاتی دروستکردنی دەنگە زارییەکان مەلاشۆی نەرم بەرز دەبێتەوە و ڕێڕەوی هەوای لووت دەگرێت ڕێگا نادات هەوا لەو ڕێڕەوە بچێتە دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆنسنانتە زارییەکان وەک (پ، ب،...تد)

هەروەها لە کاتی نزمبوونەوەی مەلاشووی نەرمدا دەروازەی بۆشایی زار دادەخرێت و هەوا ناتوانێ لەو دەروازەیە دەربچێ، دەبێ هەوا لە بۆشایی لووتەوە بچێتە دەرەوە ئەو دەنگانەی لەو بارەدا دروستدەبن پێیاندەوترێ دەنگی لووتی وەک(ن، م).

**زمان:** دەورێکی باڵا دەبینێت لە درکاندنی دەنگەکاندا، بۆیەش بە شێوەی ئاخاوتن دەوترێ زمان، بە شێوەیەکی گشتی لێپرسراوە بەرامبەر درکاندنی هەموو بزوێن (ڤاوڵ) ەکان، هەروەها دەورێکی باڵاش دەبینێت لە درکاندنی کۆنسنانتەکان، زمان وەک ئەندامێکی گرنگی ئاخاوتن دەکرێت بە چوار بەشەوە:

**١- نوکی زمان:** بەشی هەرە پێشەوەی زمانە، لە کاتی گۆکردنی هەندێ دەنگدا لە پووک گیردەبێت، وەک (ن) یان لە ددان گیردەبێ وەک لە درکاندنی دەنگی (ت، د)دا

**٢- ناوەڕاستی زمان:** دەکەوێتە نێوان نوک و دواوەی زمان، لە کاتی گۆکردنی هەندێ دەنگدا ئەم بەشەی زمان لە سەقفی زار نزیک دەبێتەوە یان لێی گیردەبێت، مەبەست لە سەقفی زار لێرەدا مەلاشووی ڕەقە، وەک لە درکەندنی دەنگی (چ) دا.

**٣- دواوەی زمان:** لەگەڵ مەلاشووی نەرمدا بەشداری درکاندنی هەندێ دەنگ دەکەن وەک (گ، ک) دا.

**٤- ڕەگی زمان:** ئەم بەشەی زمان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری زماندا چالاکی کەمترە لە دروستکردنی دەنگدا، بەڵام لە دروستکردنی هەندێ دەنگدا بەشداری دەکات بە تایبەتی لەو دەنگانەی، کە بەهۆی پشت مەلاشوو دروستدەبن وەک (ع).

**هەڵوێستەکانی زمان لە کردەی گۆکردندا:** زمان وەک گۆبێژێکی بزێو چالاکانە بەم شێوانەی خوارەوە بەشداری دەیەکات:

١- داخستنی تەواوی ڕێگەی تەوژمی هەوا، بۆ نموونە وەک لە دەربڕینی دەنگەکانی (گ، ک، د، ...تد).

٢- تەنگکردنەوەی ڕێگەی تەوژمی هەوا، داخستنی ناتەواو وەک لە دەربڕینی دەنگەکانی (س، ز، ژ، ...تد).

٣- کۆنترۆڵکردنی سەربەستانەی هەوا وەک لە کاتی دروستکردنی دەنگی (و، وو).

٤- داخستنی دووبارە و لەسەریەکی ڕێڕەوی هەوا وەک لە دەربڕینی دەنگی (ڕ) دا.

٥- نزیکبوونەوەی زمان لە سەقفی زار بۆ بەخشینی سیمای مەڵاشوویی بە دەنگ وەک لە دەربڕینی دەنگی (ش).

٦- نزیکبوونەوەی زمان لە مەڵاشوی نەرم بۆ بەخشینی سیمای قەڵەوی بە دەنگ، وەک لە دەربڕینی دەنگی (ڵ).

**- هەردوو لێو:** وەکوو زمان سەربەستن لە جووڵانەوەدا، وەک ئەمانەی خوارەوە:

آ- لێوی خوارەوە: ئەمە لەگەڵ چەناگەی خوارەوە دەجووڵێت و چەندین چالاکی هەیە، وەک:

١- دەگاتە لێوی سەرەوە و لێی گیردەبێ، وەک لە دروستکردنی دەنگی (م، ب) دا.

٢- لە ددانەکانی سەرەوە گیردەبێ، وەک لە دەنگی (ڤ) دا.

٣- لەگەڵ لێوی سەرەوە شێوەی خڕی وەردەگرێت، وەک لە دەنگی (ۆ) دا.

٤- پەلبوون: پەردبوونەوەی لەگەڵ لێوی سەرەوە بۆ داماڵینی سیمای خڕبوونەوە لە هەندێ دەنگدا، وەک (س)، کە سیمای خڕی وەرناگرێ.

ب- لێوی سەرەوا: ئەندامێکی گۆکردنی چەسپاوە هەموو ئەرکەکانی لێوی خۆارەوە جێبەجێ دەکات، تەنها ئەوە نەبێ ناتوانێ وەک لێوی خوارەوە لە ددانی سەرەوە گیر ببێ.

**مەڵاشوو:** سەقفی زار دەگرێتەوە لەم بەشانە پێکدێت:

**١- مەڵاشووی ڕەق:** دەکەوێتە نێوان پووکوو مەڵاشووی نەرم، مەڵاشووی ڕەق شوێنسازگەیەکی دەربڕین پێکدەهێنێ کاتێک زمان لێی نزیکدەبێتەوە، وەک لە دەنگی (ش) دا.

**٢- مەڵاشووی نەرم:** دەکەوێتە نێوان مەڵاشووی ڕەق و زمانۆکە، شوێنسازگەیەکی دەنگ پێکدەهێنێ، بەهۆی نزیکبوونەوەی زمان لێی یان لێگیربوونی بەپێی سروشتی ئەو دەنگانەی، کە دروستیدەکات، وەک (خ، غ، ک، گ).

**٣- زمانۆکە:** ئەندامێکی ماسولکەیی گۆشتنە لە دواوەی مەڵاشووی نەرم بەدیاردەکەوێت، ئەگەر بەشی دواوەی زمان لێی گیربێت، دەنگ دروست دەکات، وەک (ق). هەروەها ڕۆڵی

ڕێگاگرتنی هەوا دەگیرێت لە کاتی چوونە ژوورەوەی خواردن، ئەمەش ئەرکێکی بایلۆجی سەرەکی ئەو ئەندامەیە لە مرۆڤدا.

**لووت**: یەکێکە لە بۆشاییەکانی دەنگدانەوە، هەروەها یەکێکە لەو دووڕێڕەوەی هەناسە، کە لە کاتی گۆگردندا سوودی لێدەبینرێت، جاری وا هەیە وا ڕێکدەکەوێت هەوا لە بۆشایی زار یان لوت یان هەردووکیان تێدەپەڕێت.

**فۆنەتیکی بیستن**: فۆنەتیکی بیستن وەزیفەکەی بریتییە لە بیستن و گەیاندنی ئەو دەنگانەی کە هەڵگری زانیارین، بە شێوەیەکی گشتی فۆنەتیکی بیستن لە چۆنیەتی کارکردنی گوێ و ئەو ئەندامانەی گوێ پێکدەهێنن دەکۆڵێتەوە.

گوێی ئادەمیزاد سێ ئەرکی سەرەکی هەیە لە بیستندا:

١- کۆکردنەوەی دەنگ کە هەڵگری زانیارییە.

٢- گواستنەوەی یان گەیاندنی ئەو زانیارییانە.

٣- تاڕادەیەک شیاندەکاتەوە.

گوێ پێکدێ لە سێ بەش، (گوێی دەرەوە، گوێی ناواڕاست، گوێی ناوەوە).

**گوێی دەرەوە**: ئەو بەشە بینراوەیە کە هەموو کەس دەیبینێ، بریتییە لە پارچەیەک ئێسقان و دەوری مایکرۆفۆن ئەگێڕێ گوێی دەرەوە بە تونێلێک یان کەناڵێکی باریک بەستراوەتەوە بە پەردەی گوێوە، ئەم پەردەیە پارچە گۆشتێکی زۆر تەنکە و زۆر هەستیارە بە بچووکترین و نزم ترین دەنگ ئەجووڵێتەوە ئەو کەناڵەی، کە گوێی دەرەو دەبەسێتەوە بە پەردەوە هەمیشە پڕی هەوایە و دەورێکی گەورە دەبینێت لەئاساییکردنی ئەو لەرینەوە و ئا وازەیەی، کە دەچێتە ناو گوێوە پێش ئەوەی بگاتە پەردەی گوێ، واتە ئەو هەوایەی کە لەنێو ئەو تونێڵە یان کەناڵە دایە وەکو پاڵێوەرێک ڕۆڵ دەبینێ و ئەو دەنگەی کە لە دەرەوە دێ و گوێی دەرەوە وەری دەگرێ، پێش ئەوەی بگات پەردەی گوێ ئەو هەوایەی ناو ئەو تونێڵە دەیپاڵێوێ، ئەگەر پاڵەپەستۆی ئەو دەنگەش بەرز بێ تۆزێک نزم دەبێتەوە بۆ ئەوەی کار لە پەردەی گوێ نە کات.

**گوێی ناوەڕاست**: دەکەوێتە دوای پەردەی گوێوە، گوێی ناوەڕاست درزێکی بچووکی پڕ لە هەوایە و سێ ئێسقانی وردی تێدایە و بەستراون بە پەردەی گوێوە لە ژوورەوە وەیا لە بەری ناوەوە بەستراون بە گوێی ناوەوە، کاری ئەم سێ ئێسقانە وردە ئەوەیە لەرینەوەی

دەنگ و هەر لەرینەوەیەکی تر بگوێزنەوە، واتە لەرینەوەی دەنگ لە پەردەی گوێوە دەگەیێنن بە گوێی ناوەوە، ئەم سێ ئێسقانە بەیەکەوە دەلەرنەوە و تۆزێک لەرینەوەی پەردەی گوێ کەمدەکەنەوە، هەروەها گوێی ناوەڕاست بەهۆی قەناتی (ئۆستاکیەوە) بەستراوەتەوە بە لووتەوە، تونێلی ئۆستاکی تەوژمی هەوای ناو گوێی ناوەڕاست یەکسان دەکات لەگەڵ تەوژمی هەوای دەرەوەدا،هەر کاتێک پلەی جیاوازی نێوان تەوژمی هەوای دەرەوە و هەوای ناوە تێکبچێ.

**گوێی ناوەوە:** بازنەیەکی پێچاوپێچە و بە شێوەیەکی تەواو قایم کراوە لە دیوی ژوورەوە بە شێوەیەکی توند چەسپ کراوە و ئاوێکی لینجی تێدایە ئەم بازنە پێچاوپێچە لە دیوی دەرەوە یا سەرە ئەستوورەکەی بە گوێی ناوەڕاستەوە بەستراوەتەوە، کە بریتییە لە دەماری زۆر ورد کە بەستراوەتەوە بە مێشکەوە.

گوێی ناوەوە بە درێژی بە پەردەیەکی تەنک کراوە بە دوو بەشەوە، هەر لەسەرە ئەستوورەکەی بازنەی گوێی ناوەوە تاوەکوو سەرە وردەکەی دوو کونی بچووک لە گوێی ناوەڕاستەوە چوونەتە ناو گوێی ناوەوە، هەر کونێک لەم دووکونە کەوتوونەتە لایەکی ئەو پەردەیە کە بە درێژی گوێی ناوەوەی دابەشکردوە. هەرسێ ئێسقانە وردەکەی گوێی ناوەڕاست چوونەتە ناو ئەو کونە بچووکەوە، کە شێوەی وەکوو شێوەی هێلکە وایە، بە هۆی لەرینەوەی ئەو سێ ئێسقانەوە لەرەی دەنگ ئەگاتە ناو ئەو ئاوە لینجەی کە لە گوێی ناوەوە دایە، ئەو کونە بچووکەی دیکە کە شێوەی خڕە و بە پارچەیەکی خاو داپۆشراوە دەوری ئاساییکردنی تەوژمی ناو ئەو ئاوە لینجەی ناو گوێی ناوەوە دەبینێ، کە لەرەی دەنگ بەو ئاوە لینجە تێدەپەڕێ و دەگاتە مێشکەوە، جیاوازە لەگەڵ هەمان ئەو لەرەیەی کە یەکەم جار گوێی دەرەوە وەریدەگرێت، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١– تونێلی دوای گوێی دەرەوە لەرەی دەنگ دەپاڵێوێت.

٢– پەردەی گوێ لەرەی بەرز دەگێڕێتەوە.

٣– گوێی ناوەڕاست لەرینەوەی پەردەی گوێ ئەپاڵێوێت.

٤– قەبارەی پەردەی گوێ و ئەو کونەی لە شێوەی هێلکە وایە جیاوازە. تەوژمی ناو هی یەکەم لە هی دووەم بەرزتردەبێ و دەبێتە هۆی یەکسانبوونی تەوژمی هەوای ناوەوە و دەرەوە.

٥- گوێی ناوەوە شەپۆلی ئاڵۆز شیدەکاتەوە و نایەڵێ کارێ قورس بکەوێتە سەر بەشەکانی دیکە.

٦- تونێلی ئۆساکی دەورێکی گەورە دەبینێ لە پاڵاوتن و یەکسانکردنی تەوژمی ناو گوێی دەرەوە.

**دابەشکردنی دەنگەکان بە پێی سیما فۆنەتیکییەکانیان:**

١- دابەشکردنی دەنگەکان لەسەر بنەمای چۆنیەتی گۆکردن.

**آ- لایەنی ژێداری و بێژێی دەنگ:** لە کاتی هاتنە دەرەوەی هەوا لە سیەکان بۆ دروستکردنی دەنگ (دەنگەژێکان) دوو هەڵوێست وەردەگرن (لەرینەوە، نەلەرینەوە) ئەو دەنگانەی، کە لە کاتی دروستکردنیاندا ژێکان دەلەرنەوە بە دەنگی (ژێدار) ناودەبرێن، وەک؛ [گ، ب، ز، ق، د]، هەروەها ئەو دەنگانەی کە لەکاتی دروستکردنیاندا ژێکان نالەرێنەوە ئەو کات بە دەنگی (بێژێ) ناو دەبرێن وەک [ک، پ، س، ڤ، ف، س]

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ڤاوڵەکان هەموویان ژێدارن واتە لە کاتی گۆکردنیاندا ژێیەکان دەلەرێنەوە، بەڵام کۆنسنانتەکان بەشێکیان ژێدارن و بەشێکیان بێژێن

- کۆنسنانتە ژێدارەکان [ب،د، ج، غ، ن، ز، ل، ڕ، ر، ژ، گ].

- کۆنسنانتە بێژێکان [پ، ت، چ، خ، س، ش، ح،... تد]

**تێبینی**/ کاتێک دەنگ دەچێتە ناو زنجیرەی دەنگەو، هەندێک جار سیما دەگۆڕێت بۆ نموونە؛ کاتێک وەسفی دەنگێک دەکەیت لە ڕووی ژێداری و بێژێییەوە مەبەست لەو وەسفکردنە ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە بەتەنها و لە دەرەوەی زنجیرەی دەنگدا گۆدەکرێن، هەوەها ئەو دەنگانەی کە بێژێن لەوانەیە بگۆڕێن بۆ (ژێداری) لەناو زنجیرەی دەنگدا، ئەمەش لە ئەنجامی کارتێکردنی دەوربەرەوە دەبێت، هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ئەگەر دەنگ لە بێژێییەوە بوو بە ژێدار پێیدەوترێت (ژێداربوونی دەنگ)، وەک؛

دەستگا ←——— دە زگا ، پێشمەرگە ←——پێژمەرگا

ئەمەی سەرەوە لە ئەنجامی کەوتنی دەنگی (ت) لە دەزگادا دەنگی (گ)ی ژێدارە کاری کردۆتە سەر (س)ی بێژێ و سیفەتەکەی گۆڕیوە وەک خۆی لێکردووە.

هەروەها ئەگەر دەنگ لە ژێدارییەوە بوو بە بێژێ، پێی دەو وترێت (بێژێ بوونی دەنگ) وەک؛
چی بکەم     چی پکەم

**تێبینی/** کاتێک دەنگ لە دەرەوەی زنجیرەی دەنگدا بەتەنها دەردەبڕێت پێیدەوترێت دەنگی (بێ لایەن).

**ب – سازگەی دەنگ یان شوێنی درکاندن:** مەبەست لە سازگەی دەنگ ئەو شوێنەیە کەوا دەنگەکەی لێ دروستدەکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەندێک دەنگ بە نموونە دەهێنینەوە؛

لە کاتی درکاندنی دەنگی (ب) دا لێوی خوارەوە بەرزدەبێتەوە بەرەو لێوی سەرەوە، ڕێگا لە تەوژمی هەوای لە سیەکانەوە هاتوو دەگرێت، ئینجا لە ناکاو ئەم ڕێگایە دەکاتوە لەم بارەدا دەنگی (ب) دروستدەبێت، بۆیە سازگەی دەنگی (ب) لێوییە، واتە دەنگی (ب) لەڕووی سازگەوە دەنگێکی لێوییە.

– هەروەها لە کاتی دروستکردنی دەنگی (ف) دا لێوی خوارەوە بەرزدەبێتەوە بەرەو ددانی سەرەوە، ڕێگای هەوا تەنگدەکاتەوە، بۆیە دەنگی (ف) دەبێت بە دەنگێکی لێوددانی.

– هەروەها لە کاتی دروستکردنی دەنگی (ک)دا ناوەڕاستی زمان خۆی لە مالاشوو دەدات بۆیە دەنگی (ک) بریتیە لە دەنگێکی مەلاشوویی، بەم شێوەیە بۆ دەنگەکانی تر.

**تێبینی/** لە دیاریکردنی سازگەی دەنگەکان سەرچاوەکانی زمانەوانی وەکیەک نین. هەندێکیان ڕێگای دابەشکردنی ورد لە سازگەکاندا بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێکی تر گوێ بەم وردیە نادەن، بەڵکوو ئەندامە گەورەکان نیشانەدەکەن بۆ دیاریکردنی سازگە (شوێن).

**ج– دابەشکردنی دەنگەکان بە پێی شێوەی دروست بوون(بار وحاڵەتی هاتنەدەرەوەی تەوژمی هەوا لە کاتی درکاندندا).**

١– **دەنگە وەستاوەکان کەوانە تە لە قەیوەکان ):** لە کاتی دروستکردنی ئەم دەنگانەدا تەوژمی هەوای هەناسە بۆ ماوەیەکی کورت ڕادەگیرێت ئینجا لە ناکاو ڕێگای بۆ دەکرێتەوە، لەم کاتەدا وێڕای دروستبوونی دەنگەکە تەقینەوەیەکی سووک هەستی پێدەکرێت، وەک؛ لە دەربڕینی دەنگی (د، ت،ک، گ، ب، پ، ق، هەمزە)، لە کاتی دەربڕینی ئەم دەنگانەی سەرەوە هەوا لەیەک شوێن ڕێگای لێناگیرێ، بۆ نموونە؛ سازگەی (ب، پ) لێوییە، (ت، د) ددانییە، (گ، ک) مەلاشووی، واتە ئەم دەنگانە لە ڕووی شوێنی دروستبوون هەموویان بریتین لە دەنگە

وەستاوەکان (تەقیوەکان)، بەڵام لە ڕووی سازگەوە جیاوازن هەر یەکە و بە گوێرەی خۆی سازگەی جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تردا

**٢- دەنگە لێکدراوەکان:** ئەم دەنگانە لە دوو دەنگ پێکدێن، لە سروشتی دەنگە وەستاوەکان و دەنگە خشۆکەکان هاوبەشن. هەندێ کەس بەم دەنگانە دەڵێ؛ نیمچە وەستاو یان نیمچە تەقیو

نموونە:

- دەنگی (ج) لە دەنکی (د + ژ) پێکدێت.

- دەنگی (چ) لە دەنگی (ت + ش) پێکدێت.

**٣- دەنگە خشۆکەکان:** ئەو دەنگانەن لە کاتی دروست بوونیاندا تەگەرە دەخرێتە ڕێگای تۆژمی هەوا، لە ئەنجامی ئەم تەگەرەیەدا ڕێڕەوی هەوا تەنگ دەبێتەوە، وەک؛ لە دەربڕینی دەنگەکانی (ف، ڤ، س، ز، ش، ژ، خ، ز، ح، هەمزە).

**٤- دەنگە لووتیی (کەپوویی) ەکان:** بریتین لەو دەنگانەی کە لە کاتی دروست بوونیاندا تەوژمی هەوا هەناسە بە ڕێڕەوی لووتەوە دەچێتە دەرەوە، وەک؛ دەنگی (م، ن).

**٥- دەنگە لازمانییەکان:** ئەو دەنگانەن کە لە کاتی دروستبوونیاندا تەوژمی هەوای هەناسە لە زارەوە دەردەچێت بەم شێوەیە؛

آ- ئەو دەنگانەی کە تەوژمی هەوا لە لایەکی زارەوە یان لە لایەکی زمانەوە دەردەچێت، وەک؛ دەنگی (ل) ی سووک.

ب- ئەو دەنگانەی لە هەردوو لای زارەوە یان زمانەوە تەوژمی هەوا دەردەچێت، وەک؛ دەنگی (ڵ) ی قەڵەو.

٦٠- **دەنگە هەژۆکەکان:** ئەو دەنگانەن، کە لەکاتی دروست بوونیاندا نووکی زمان یا پێشەوەی زمان چەند جارێک لەسەریەک بەخێرایی وەک گۆبێژێکی بزێو لە پووک گیر دەبێ و دێتە دواوە، وەک؛ لە دەنگی (ڕ) دا. ژمارەی لەرەی زمان لە دەربڕینی ئەم دەنگانەدا لە نێوان (٢-٧) جار دایە، بە پێی زمانیش دەگۆڕێت.

**٧- نیمچە ڤاوڵ (نیمچە کۆنسنت):** ئەم دەنگانە پێیان دەوترێت نیمچە ڤاوڵ (بزوێن)، چوونکە لە دروستبووندا واتە لە ئاستی فۆنەتیکدا وەک ڤاوڵ (بزوێن) دەدرکێندرێن، بەڵام لە ڕیزبوون

لەگەڵ دەنگەکانیتردا، واتە لە ئاستی فۆنۆلۆجی یان (لە ڕووی ئەرکەوە)، وەک کۆنسناندت (نەبزوێن) دەور دەبینن، ئەم دەنگانە لە کاتی دروستبوونیاندا تا ڕادەیەکی زۆرکەم تەنگ بوونەوە لە ڕێڕەوی دەنگی پەیدادەبێت، هەروەها ئەم دەنگانە وەک کۆنسنانتەکانی تر سازگەیەکی دیاریکراویان نییە، لە کوردیدا ژمارەیان دوو دەنگە (و، ی).

**٨- دەنگە بزوێن ( ڤاوڵ) ەکان:** ئەو دەنگانەن کە لە کاتی دروست بوونیاندا ڕێگا لە هەوا ناگیرێت، بەڵکوو تەوژمی هەوای هەناسە سەربەستانە لە زار دێتە دەرەوە، تەگەرە ناخرێتە ڕێگای تەوژمی هەوا، وەک؛ (ا، وو، و، ی، ێ، ە، ۆ، بزرۆکە). ڤاوڵەکان هەموویان ژێدارن، هەروەها ڤاوڵیش وەک کۆنسنانت جاری وا هەیە کە کەوتە ناو زنجیرەی دەنگ سیمای دەگۆڕێت، بەڵام بەڕادەیەکی زۆر کەمتر.

**تێبینی/** هەندێ جار ئەو دەنگانەی لە کاتی دروست بوونیاندا زمان وەک گۆبێژێکی بزێو بەشداری دەکات پێیان دەوترێت دەنگی زمانی وەک (ت، ش، د، ...تد)، هەروەها ئەو دەنگانەی لە کاتی دروست بوونیاندا زمان بەشداری ناکات پێیان دەوترێت دەنگی نازمانی، وەک؛ (م، ب، پ، ح، ع...تد).

زمانەکان لە بەکارهێنانی ژمارەی ڤاوڵەکاندا جیاوازن، هەروەها لە چۆنیەتی دیاریکردنی شوێنی ڤاوڵەکانیش جیاوازییان هەیە، ئەگەرچی ڤاوڵەکان سازگەی دیاریکراویان نییە، بەڵام بەهۆی چەند بنەمایەکەوە دەتوانرێت شوێنسازگەی ڤاوڵەکان بە شێوەیەکی تەقریبی دیاریبکرێت، ئەمەش بە هۆی هەردوو جووڵەی ئاسۆیی و ستونی زمانەوە دەبێت لەناو بۆشایی زاردا، ڤاوڵەکانیش وەک کۆنسنانتەکان بە هۆی سیما فۆنەتیکییەکانیانەوە دابەش دەبن بە سەر چەندین گرووپدا، بۆ نموونە وەک؛ (ڤاوڵی درێژ، ڤاوڵی کورت، ڤاوڵی نەرم، ڤاوڵی تیژ) ئەم وێنەیەی خوارەوە ڤاوڵەکانی زمان نیشان دەدات لەسەر نەخشەدا.

– (ێ) کاتێک دروستدەبێ زمان لە ناوەڕاستی زاردا وەستاوە.

– (ا) لەکاتی دروستبوونیدا زمان لەسەر ئەرزی ناو زار درێژ دەبێت، لە حاڵەتی نزمیدایە ڤاوڵێکی نزمە.

– بزرۆکە (بزوێنی نادیار، بزوێنی کەمدیار) دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی پێشەوەی زمان.

(ە) ئەم ڤاوڵە نیوەی (ا) ی درێژە لەم حاڵەدا زمان دەگاتە نزیک خەتی ناوەڕاستی زار، بەڵام هەر لەم خەتە نزمترە، بۆیە ڤاوڵێکی نزمە.

– (و) بە بەشی پێشەوەی زمان دروستدەبێت، کاتێک زمان بەرەو دواوە دەچێ و بەرز دەبێتەوە، واتە (زمان بەرز و بەرەو دواوە) چووە.

– (وو) زمان بە تەواوی بەرزدەبێتەوە و بەرەو دواوە چووە.

– (ۆ) کاتێک دروست دەبێت کە زمان لە ناوەڕاستی بۆشایی زاردا وەستاوە.

**تێبینی/** ئەگەر دەنگێک خرایە ناو ئەم دوو هێڵە / / واتا فۆنیم، ئەگەر خرایە ناو ئەم دوو کەوانەیە [ ] واتە حاڵەتی دەربڕینی دەنگەکە.

**هەندێ سیمای دیکەی فۆنەتیکی دەنگ:**

**- مەڵا شوێنراو:** سیمایەکی فۆنەتیکییە هەندێ دەنگ لە زماندا وەریدەگرێ، بریتیە لە بەرزبوونەوەی ناوەڕاست و پێشەوەی زمان لە کاتی گۆکردندا، ئەم جۆرە گۆکردنە سیمای مەڵاشوویی بە دەنگەکە دەبەخشێت، لە کاتێکدا ئەم دەنگە خۆی لە بنەڕەتدا مەڵاشویی نییە، بۆ نموونە؛ (س) سیمای مەڵاشوویی وەردەگرێت بە پێی کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری وەک لە وشەی (صابوون، صەگ، صەد، صاڵ)، هەروەها دەنگی (ل) ی سووک لە هەندێ زاردا قەڵەو دەکرێت

**تێبینی/** جگە لەوەی قەڵەوی سیمایەکی فۆنەتیکییە، بەڵام لە فۆنۆلۆجی کوردیدا لە زمانی ستاندارد و لە زارەکانی موکری و سلێمانی و گەرمیانی و... تد جگە لە هەولێر سیمایەکی جیاکەرەوەشە، بۆ نموونە؛ (کەل، کەڵ).

**- گەروێنراو:** ئەم سیمایە دەخرێتە سەر دەنگ ئەگەرهات و لە کاتی گۆکردنی دەنگێکدا دواوەی زمان بەرزبووەوە بەرەو مەڵاشووی نەرم، ئەمەش دەبێتە هۆی قەڵەوبوونی دەنگ. وێڕای دەربڕینی دەنگ لەم بارەدا ڕێڕەوی کەناڵی پشت مەڵاشوو تەنگدەبێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێک بەم دیاردەیە دەڵێن گەروێنراو، نموونە؛ لە زمانی عەرەبی (و، ط، ظ، ص) کە بە عەرەبی پێیان دەوترێت (ئەسوات موتەبەقە)، دیاردەی دەنگی گەروێندراو لە دەنگی مەڵاشوویی جیاوازە چونکە دەنگی گەروێندراو شوێن سازگەی خۆی هەیە و پەیوەندی بە شوێن سازگەو نییە بۆ نموونە ت دەنگێکی گەنوێندراوە سازگەکەی ددانی پووشیە جگە لە ناوی گەروێندراو پێی دەوترێت قەڵەو بوونی دەنگ دەنگی کێ دەنگێکی مەڵاشوویی ئەو گەروێنراو نییە

دابەشکردنی دا دەنگەکان بە پێی سیما فۆنەتیکیەکان دابەشکردنی دەنگەکان لەسەر بنەمای چۆنیەتی گۆ کردن ئەلف سازگەی دەنگەکان یان شوێنی دەنگەکان ڤاوڵەکان

**ئۆرگانی دەنگی, ئەندامانی ئاخاوتن:**

با بەوە دەستپێبکەین کە چۆن دەنگە کانی زمان یان دەنگەکانی قسە دروستدەبن، لە نزیکەوە هەموو دەنگەکانی قسەکردن سەرچاوەی بنەڕەتییان لەو هێزە وەردەگرن کە سیستەمی هەناسەیی بەکاری دێنێ بۆ پاڵدانی هەوا بۆ دەرەوەی سییەکان.

تێبینی/ هەوڵ بدە لە کاتی هەناسە وەرگرتندا ئەم کارە ئەنجام بدەیت لە جیاتی هەناسەدانەوە، دەبینی دەتوانرێ ئەوە بکرێت، بەڵام ئەمە دەکرێت تەنیا بۆ تاقیکردنەوە بێت ئەگەرنا کارێکی ئاسان نییە بۆ دروستکردنی دەنگەکان هەناسە هەڵمژیت، چونکە وەکو کردنەدەرەوەی هەوا هەوا نییە.

لە هەناسەدان دا هەوا لە سیەکانەوە بەرز دەبێتەوە و دەچێت بۆ لای بۆڕی هەوا، لە دوای ئەمەوە بۆ قورگ، لەم حاڵەدا پێویستە هەوا بە نێوان دوو ماسوولکەی بچووک دا تێبپەڕێت، کە پێیدەوترێت ژێکانی قورگ، ئەگەر ژێکانی دەنگ لە یەک جیابوونەوە و وەک و باری ئاساییان لە کاتی چوونە دەرەوەی هەناسە لە سیەکانەوە کە تا ڕادەیەک ڕێڕەوێکی سەربەست و کراوەی هەیە بۆ گەیشتنی بە ڕێڕەوی پشت مەلاشوو بوو. بەڵام ئەگەر ژێکانی دەنگ لە تەکیەک بوون ئەو کاتە تەنها ڕێڕەوێکی تەنگ لە نێوانیانەوە دەبێ و جەختی تەوژمی هەوای هەناسە وا دەکات کە ئەم ژێیانە بلەرێنەوە لەم بارەشدا ئەو دەنگانە دروستدەبن کە پێیان دەوترێت (ژێدار) یان (گڕ) یان (ئاوازدار) (voiced) بە پێچەوانەی ئەمە واتە لە بارەکەیتر دا ئەو دەنگانە درووستدەبن کە پێیان دەگووترێت ( کپ – بێژێ) ( voice less ).

**تێبینی**/ بۆ مەبەستی بیستنی جیاوازی نێوان ژێدار و بێژێی هەوڵ بدە دەنگی (ڤ) بە درێژی بڵێ(ڤ، ڤ، ڤ) ئینجا بە دوای ئەمەدا لەگەڵ دەنگی (ڤ)دا بە درێژی بڵێ (ف، ف، ف، ف) بەراوردی بکە ئەمە جارێک هەر بە تەنیا تەنیا بوترێ و بنووسرێ هەروەها بە شێوەی گووتنی لە دوای یەک ئەم دەنگە بڵێ وەک (ڤ،ڤ، ف، ف، ڤ، ڤ، ف، ف ... تد) بەم شێوەیە. جیاوازی نێوان ئەم دوو دەنگە لەوەدایە کە ئەم دەنگانە هەردووکیان بە یەک ڕێگا لە ناو زاردا دروستدەبن، سازگەیان هەمان سازگەیە، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە (ڤ) ژێدارە بەڵام (ف) بێژێیە، بەوە دەتوانین هەست بە لەرینەوەی ژێکان بکەین لە کاتی درکاندنی (ڤ)

دا، ئەگەر سەری پەنجەت خستە سەر لای سەرەوەی گەروو کە نزیکترین شوێنە لە ژێکان ئەوا هەست بەو لەرینەوەیە دەکەیت. جیاوازی نێوان ژێدایی و بێژێیی لە هەموو زمانە ناسراوەکاندا گرنگە، لە هەموو جووتە وشەیەکی وەک؛ (سارا، زارا) کۆنسنانتی یەکەم لە وشەی یەکەمدا (سارا) بێژێیە، کەچی لە وشەی دووەم دا کۆنسنانتی یەکەم لە وشەی (زارا) دا ژێدارە.

ڕادەی بیستنی دەنگ لە دەنگە ژێدارەکان زیاترە، واتە شەپۆڵەکان بڵندتر و خێراتر دەچنە گوێچکەی گوێگرەوە، بەڵام لە بێژێکاندا کەمتر، هەندێ جار دەنگەکان قووت دەدرێن.

**لە ڕووی جوڵەوە دوو جۆر ئەندامی ئاخاوتنمان هەیە:** هەندێکیان پێیان دەوترێت (گۆبێژی بزێو) هەندێکیشیان پێیاندەوترێت (گۆبێژی چەسپیو)، گۆبێژە بزێوەکان لە کاتی درکاندنی دەنگدا جووڵەیان هەیە، بەڵام گۆبێژە چەسپیوەکان لە کاتی درکاندنی دەنگدا چەسپاون و جووڵەیان نییە، پەیوەندی نێوان گۆبێژی بزێو و گۆبێژی چەسپیو لەم خشتەیەدا دەتواندرێ بە وردی دیاری بکرێت ئەمەش یارمەتی ئاسانکردنی پەسنی دەنگەکانی زمان دەدات.

| **گۆبێژی بزێو** | **گۆبێژی چەسپیو (سازگەی دەنگ)** |
|---|---|
| لێوی خوارەوە | لێوی سەرەوە، ددانەکانی سەرەوە |
| نوکی زمان | پووک، پووک و ددان، ددانەکانی سەرەوە |
| پێشەوەی زمان | مەڵاشووی ڕەق، پێش مەڵاشوو |
| ناوەڕاستی زمان | مەڵاشووی ڕەق |
| دواوەی زمان | مەڵاشووی نەرم زمانۆکە |
| ڕەگی زمان | پشت مەڵاشوو |

**گۆڕان لە زماندا:** زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە ئەم گۆڕانەش هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە هەر لە ئاستی دەنگەوە بیگرە تا دەگاتە ئاستی واتە، لەم گۆڕانکارییەدا ئەوەی پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە ئەوەیە کە کۆمەڵێک هۆکار هەن دەبنە هۆی گۆڕانی زمان لە ئاستی (دەنگسازی) دا، کە بە گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە:


آ- هۆکاری فەسلەجی: دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتی مرۆڤ و ئەندامەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ، ئەمەش لە دوو باردا دەردەکەوێت.

١– بیستنی  دەنگەکان و گوتنەوەیان هەرگیز وەکوو یەک نابن، بە واتایەکی تر، دەرهێنانی دەنگێک هەر جارەی بە جۆرێک دەبێ و هەموو جارێک جیاواز دەبێت لە جارەکانی تر.

٢– تا ماوەیەکی زۆرتر بەسەر وتنەوەی دەنگێکدا تێپەڕێت، ئەوا وتنەوەکە زیاتر لە دەنگە بنچینەکە دوور دەکەوێتەوە و جیاوازتر دەبێت، بەم جۆرە گۆڕان لە ئاستی دەنگدا بریتیدەبێت لەهەموو ئەو جیاوازیە وردانەی کە جار لە دوای جار  زیاد دەکات، تا وایلێدێ بە زەقی دەردەکەوێت و بەبێ بەکارهێنانی ئامێر هەستی پێدەکرێت.

ب– هۆکاری دەروونی ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی بزاڤتنی مێشک و فەرمانەکانی لەگەڵ جوڵاندنی ماسوولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن دا، بۆ نموونە لە دەربڕینی وشەیەکی وەک (کێ) دا، تا ماسوولکەکانی دەم و قوڕگ دەجولێنەوە بۆ دەرهێنان و دەربڕینی دەنگی (ک)، مێشک فەرمانی دەربڕینی دەنگی (ێ) دەردەکات، بەمەش مێشک ماسولکەکان ناچار دەکات کە پەلە بکەن، تا وای لێ دێ لە  ئەنجامی ئەم پەلە پەلییە دا ئەو دەنگەی کە دەبڕدرێت جۆرێک دەبێت لە (ک)ی نەرم، کە لە دەنگی (چ) نزیکە،

**تێبینی**/ زۆربەی ئەو گۆڕانە دەنگیانەی کە لە زماندا ڕوودەدەن وەک (تواندنەوە، کەوتن. سوان، دروستببوونی دەنگی نوێ، جێگۆڕکێ، بەرلوتدان و مەڵا شوێندراو) دەدرێنە پاڵ ئەم هۆکارە دەروونیانە کە لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتنی فەرمانی یان فەرمانەکانی مێشک و بزاوتنی ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتندا دێتە کایەوە. یەکە دەنگییەکان بە گشتی دەبن بەدوو جۆر، بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم ئێلکارییە بکە.





چەند نموونەیەکی فۆنیمە کەرتییەکان بە هەردوو جورەکەیەوە لەگەڵ سازگە و چۆنییەتی دروستبوونیان، لەم دوو خشتەیە نیشاندەدەین، هەروەها فونیمە ناکەرتییەکانیش لە بەشی فۆنۆلۆجیدا دەخەینە ڕوو؛

دابەش کردنی دەنگەکانی زمان (کۆنسنانتەکان) بە پێی شوێنی دەربڕین (سازگە): لە دیاریکردنی سازگەی دەنگەکاندا سەرچاوەکانی زمانەوانی وەک یەک نین، هەندێکیان ڕێگای دابەشکردنی ورد لە سازگەکاندا بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێکی تریان گوێ بەم وردیە نادەن، بەڵکوو ئەندامە گەورەکان نیشانە دەکەن بۆ سازگە، هەرچەندە دابەشکردنی یەکەم زۆر ئاسان نییە، بەڵکوو زۆر جار ڕاست دەرناچێ و جاری وا هەیە تووشی هەڵەمان دەکات.

نموونەی کۆنسەنتەکانی زمان و ئەو سیمایە و سیفاتەی هەڵیان گرتووە لەم خشتەیەی خوارەوە دا دەخەینە ڕوو:

| چۆنییەتی درکاندن | | شوێنی دروست کردن ( سازگە | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لێوی | ددانی | ددان و پوک | پوک | پوک و مەلاشوو | مەلاشوی ڕەق | مەلاشووی نەرم | زمانۆکە | قورگ | ژێیەکان |
| وەستاوەکان | گڕ (ژێدار) | ب | د | | | | | گ | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | پ | ت | | | | | ک | | | هەمزە |
| لێکدراوەکان | گڕ (ژێدار) | | | | | ج | | | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | | | | | چ | | | | | |
| خشۆکەکان | گڕ (ژێدار) | | ڤ | | ز | ژ | | غ | | ع | هـ |
| | کپ (بێ ژێ) | | ف | | س | ش | | خ | | ح | |
| لووتییەکان | گڕ (ژێدار) | م | | ن | | | | | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| لازارییەکان | گڕ (ژێدار) | | | | ل | ڵ | | | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| لەرۆکەکان | گڕ (ژێدار) | | | | | ر ، ڕ | | | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| نیمچە ڤاوڵ | گڕ (ژێدار) | و، w | | | | | ی ، y | | | | |
| | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |

**شوێن یاخود سازگەی ڤاوڵەکان**: زمانەکان لە بەکارهێنانی ژمارەی ڤاوڵەکان دا جیاوازییان هەیە، هەروەها لە چۆنیەتی درکاندن و دیاریکردنی شوێنی ڤاوڵەکان جیاوازن.




ئەگەرچی ڤاوڵەکانی زمان سازگەی دیاریکراویان نییە بەڵام بەهۆی چەند بنەمایەکەوە دەتوانرێت شوێنسازگەی ڤاوڵەکان دیاریبکرێت بە شێوەیەکی تەقریبی ئەمەش بە هۆی هەردوو جووڵانەوەی ئاسۆیی وستونی زمانەوە دەبێت لە نێو بۆشایی زاردا، ڤاوڵەکانیش وەک چۆن کۆنسنانتەکان دابەش بوون بە هۆی سیما فۆنەتیکییەکانیان هەروەها ڤاوڵەکانیش بە هۆی سیما فۆنەتیکیەکانیان دابەش دەبن بە سەر چەندین گرووپدا، بۆ نموونە وەک ڤاوڵی (درێژ) ڤاوڵی (کورت) ڤاوڵی (نەرم) ڤاوڵی (تیژ) ... تد.

(ێ) کاتێک دروست دەبێت زمان لە ناوەڕاستی زاردا وەستاوە.

(ا) زمان لەسەر ئەرزی ناو زار درێژ دەبێتەوە لە حاڵەتی نزمی دایە ڤاوڵێکی نزمە

(بزرۆکە) بزوێنی نادیار- بزوێنی کەمدیار دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی پێشەوەی زمان

(ە) ئەوە نیوەی (ا) ی درێژە، لەم حاڵەتەدا زمان دەگاتە نزیک خەتی ناوەڕاستی زار بەڵام هەر لەم خەتە نزمترە لەبەر ئەوەی ڤاوڵێکی نزمە

(و) بە بەشی پێشەوەی زمان دروست دەبێت کاتێک زمان بەرەو دواوە دەچێ و بەرز دەبێتەوە واتە زمان (بەرزە و بەرەو دواوەی چووە)

د. عمر احمد

(وو) زمان بە تەواوی بەرز دەبێتەوە و بەرەو دواوە چووە، هەرچەندە ئەم ڤاوڵە کورتکەیەوە زمان نزمتر دەبێتەوە

(ی) هەرچەندە کورتیکەیەوە زمان نزمتر دەبێتەوە.

(ۆ) کاتێک دروست دەبێت کە زمان لە ناوەڕاستی بۆشایی زاردا وەستاوە.

د. عمر احمد

# بەشی فۆنۆلۆجی

**فۆنۆلۆجی**: ئاستی دەنگسازی بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بە دوو بەش یان دوو ئاست،کە بریتین لە(فۆنەتیک)و(فۆنۆلۆجی) .فۆنەتیک گشتییە و لە چۆنییەتی دروست بوونی دەنگ و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم دەنگە لە هەوادا و چۆنیەتی بیستنی دەنگەکە دەکۆلێتەوە, دەبێت بە سێ بەشی سەرەکی (فۆنەتیکی فیزیکی ، فۆنەتیکی دڕکاندن، فۆنەتیکی بیستن). هەندێک لە ڕیزمان نوسەکان بەشی تریش دەستنیشان دەکەن.

بەڵام فۆنۆلۆجی تایبەتە و لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆلێتەوە ،هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتەوە هەیە فۆنۆلۆجی کاری لەسەر دەکات.

فۆنۆلۆجی ئەو بەشەی زانستی زمانە، لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کە بە هۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو و تایبەت لە یەکدەدرێن و دەخرێنە پاڵ یەکتری بۆ دروستکردنی دانەی لە خۆیان گەورەتر وەک (بڕگە).

هەر زمانێکی دونیا کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە سەبارەت بە دەنگەکان ،ئەو زانستەی لەم یاسایانە دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت (فۆنۆلۆجی) یاساکانیش بریتین لە:

١–فۆنیمەکان لە دەنگەکانیەوە دەستنیشان دەکرێن.

٢–لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لەیەکدەدرێن و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن.

٣–لە ئەنجامی لێکدان و چونەپاڵیەکی ئەم فۆنیمانە دەنگ هەیە دەگۆڕێ و هەیە دەسوێ و هەیە دەتوێتەوە و هەیە پەیدا دەبێت.

فۆنۆلۆجی وەک هەموو زانستێکی تر یەکەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، کە بریتین لە (فۆنیم و بڕگە).


فۆنۆلۆجی  هەندێک جار بە (بەزانستی فۆنیمەکان) ناو دەبرێت. لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، لە جیاوازی ئەرکی دەنگەکان دەکۆلێتەوە دیراسەی فۆنیمەکان و دیاریکردنی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێک لە زمانێکی تایبەتدا دەکات.

**جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی**: وەکو وتمان هەردووکیان لە دەنگی زمانیی دەکۆڵنەوە بەڵام هەر یەکە و بەشێوازێک. فۆنەتیک لە دەنگی زمانی دەکۆڵێتەوە بەگشتی  بەبێ ئەوەی

دەستنیشانی بکات کە ئەو دەنگە لە چ زمانێکە، بەڵام فۆنۆلۆجی لە ئەرکی ئەو دەنگە دەکۆڵێتەوە لە ناو زمانێکی تایبەتدا، کە ئەرکی دەنگ پێشی دەوترێت (فۆنیم) .

بەشێوەکی گشتی لە چەند نمونەیەکدا جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دەخەینە ڕوو.

کاتێک ئێمە قسە دەکەین ئەو زانیاریانەی لە مێشکماندا هەیە، لە ڕیزە دەنگێکی باردەکەین و بە هۆی ئەم ڕیزە دەنگەوە زانیاریەکان دێنە دەرەوە، دەنگەکان بە هۆی شەپۆڵەکان لە هەوادا دەگوازرێنەوە بۆ گوێی گوێگر. گوێگریش دەنگەکان لە ڕێگای قەناتی بیستنەوە وەردەگرێت و دەیاننێرێت بۆ مێشک و لەوێ واتاکانیان لێ بەتاڵ دەکرێت و بەم پڕۆسەیە زانیاریەکان دەگوازرێنەوە. ئەم پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییە بە سێ قۆناغدا تێپەر دەبێت.




ئەم سێ قۆناغە زانستێک لێی دەکۆلێتەوە پێی دەوترێت (فۆنەتیک)

**<u>قۆناغەکانیش بریتین لە</u>:**

١-چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکان و میکانیزمیەتی ئەندامی ئاخاوتن.

٢-چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم دەنگانە بە هەوادا بە هۆی شەپۆڵەکانەوە.

٣- پڕۆسەی وەرگرتنی دەنگەکان و ناردنیان بۆ مێشک و شیکردنەوەی واتاکانیان کە ئەمەیان میکانیزمیەتی گوێ و مێشک دەگرێتەوە.

بەگشتی چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکانی زمان و جوڵەی ئەندامی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنی دەنگەکان و گواستنەوەی ئەم دەنگانە  لە بۆشای هەوا و شێوە و چۆنیەتی وەرگرتنی لە لایەن گوێگرەوە لە هەموو زمانەکاندا ،ئەمە (فۆنەتیک) لێیدەکۆلێتەوە.

بۆ نموونە دەنگی (س) لە هەموو زمانەکاندا کە دروست دەبێت ناوەراستی زمان بەرز دەبێتەوە بۆ مەلاشو، ڕێڕەوی هەوای هاتوو لە سییەکانەوە تەسک دەکاتەوە، لەم بارەدا ژێیەکان نالەرێنەوە بۆیە دەنگێکی کپ دروست دەبێت. ئەمە لە هەموو زمانەکان بەهەمان شێوەیە. ئەم زانیاریانە هەمووی فۆنەتیک پێمان دەڵێت.

بەڵام ئەگەر بێین باسی دەنگی [ س] بکەین لەناو سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی عەرەبی دا بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی درکاندنی دەنگی [س] دا، دەنگەکە بە قەڵەوی بدرکێنرێت ئەوا دەبێت بە [ص]. ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیدا دەبنە هۆی گۆرینی واتا، بە واتای ئەوەی ئەگەر لە هەمان دەوروبەردا فۆنیمی / س / بگۆرین بە /ص/ ئەوا دەبێتە هۆی گۆرینی واتا . وەک لە وشەکانی (سار:روشتین ، صار: بوو) . کە واتە لە زمانی عەرەبیدا هەردوو دەنگی [س،ص] دوو فۆنیمی جیاوازن ، چونکە دەبنە هۆی گۆرینی واتا. دەبێ بخرێتە ناو هێمای/س/ ،/ص/.

بەڵام لە کوردیدا ئەم دوو دەنگە [س ،ص] . ئەگەر لە هەمان ژینگەدا لە شوێنی یەکتر دایان بنێین ئەوا نابنە هۆی گۆڕینی واتا، وەک لە وشەکانی (ساڵ،صاڵ) دا ، هەمان واتایان هەیە بۆیە هەردووکیان دەبن بە دوو شێوەی جیاوازی یەک فۆنیم. واتە دەبن بە (ئەلۆفۆنی) یەکتر.

هەموو ئەو زانیارییەیانەی سەرەوە کە دەیسەلمێنن هەردوو دەنگی [س،ص] لە عەرەبیدا دوو فۆنیمی سەربەخۆن و لە کوردیدا یەک فۆنیمن و ئەلەفۆنی یەکترن، ئەم زانیاریانە فۆنۆلۆجی پێمان دەڵیت. چونکە باسی هەردوو دەنگی [س ، ص] دەکات لە ناو سیستمی زمانی عەرەبی و کوردیدا، کە تایبەت و دیاریکراون. کەواتە فۆنۆلۆجی گرینگی بەوە نادات دەنگەکانی ئاخاوتن لە ڕووی فیزیۆلۆژیەوە بناسێنێ. بەلکو وەسفی دەنگ دەکات لە ناو زنجیرەی دەنگدا ، واتە لە کاتی درکاندنی لە ناو زمانێکی تایبەتدا لە کاتی ئاخاوتن. واتە کاتێک دەنگەکان دەبن بە کەرەستە بۆ دانەی لە خۆیان ئالۆزتر.

وەکوو وتمان فۆنۆلۆجی زانستێکە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆلێتەوە, یەکەی تایبەتی خۆی هەیە کە بریتیە لە (فۆنیم و بڕگە).

**-فۆنیم**: ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە لە ڕووی درکاندنەوە لێکدەچن، ئەو دەنگانەش بە شێوەیەکی تەواوکەری دابەش دەبن یان بەشێوەیەکی ئازاد دەگۆرێن. فۆنیم چەمکێکی ڕووتە چونکە ئەوەی کە بە ڕاستی دەدرکێت ئەلۆفۆنە نەک فۆنیم. لە بەر ئەوەی هەندێ زمانەوان فۆنیم بە دەنگێکی نموونەیی دادەنێن کە قسەکەر هەمیشە هەوڵدەدات لاسایی بکاتەوە. هەندێکی تر پێناسەی فۆنیم بەوە دەکەن کە بچوکترین یەکەی دەنگییە و بە هۆی ئەو یەکەیەش دەکرێ جیاوازی واتایی نێوان وشەکان دیاری بکرێت، فۆنیمیش دوو جۆرە (کەرتی ، ناکەرتی) . جۆری یەکەم بریتیە لە (ڤاوڵ و کۆنسنەنتەکان) .جۆری دووەمیش بریتیە لە (هێز و تۆن ئاوازە و هەڵوەستە).

١– کە دەوترێت فۆنیم دەنگێکی ڕووتە لە کاتی چالاکی قسەکردندا بوونی نیە، چونکە ئێمە کە قسە دەکەین فۆنیمەکان نادرکێنین بەلکو ئەلەفۆنەکان دەدرکێنین، وەک:

/ک/

ک1 — (کێ یە) لە پێش بزوێنی (ێ)

ک2 — لە پێش بزوێنی (ی) لە وشەی (کەمەر) دا

هەردوو ک١، ک٢ دەبن بە ئەندام لە فۆنیمی /ک/ دا، واتە (ک١،ک٢) ئەلۆفۆنی یەک فۆنیمن

یاخود دەنگی [ک] لە وشەی (کاک) دا، لە کافی یەکەم و دووەم دا جیاوازە شێوازی درکاندنیان جیایە بۆیە هەردووکیان دەبن بە ئەلەفۆنی فۆنیمی /ک/.

٢–فۆنیم دەنگێکی نموونەییە هەوڵی لاسایی کردنەوەی دەدەین لە کاتی قسەکردندا . بۆیە خەڵک جیاوازی هەیە لە گۆکردن یان لە دەربرینی هەر فۆنیمێک . بۆ نموونە دەنگی [ت] ئێمە کە دەیدرکێنین لە قسەکردندا هەریەکەو بە جۆرێکە، کە جیاوازە لە هی ئەوی تر، یان هەر لە یەک کەسیشدا هەرجارە و بە شێوەیەک دەیدرکێنێ، بەڵام جیاوازییەکان هێندە وردە تەنیا لە تاقیگەدا هەستی پێ دەکرێت.

3– فۆنیم بچوکترین دانەی دەنگیە کە توانای دابەشبوونی نییە بۆ دانەی لە خۆی بچوکتر.

٤– فۆنیم بچوکترین یەکەی دەنگییە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت جیاوازی واتایی بدۆزرێتەوە ، بۆ نموونە کە دەلێین (دار، پار) ، (د) ئەو جیاوازییەی دروست کردووە ، کە وای کردووە (دار) جیاواز بێت لە (پار ) . هەروەها لە دووەمدا [پ] وای کردووە (پار) جیاواز بێت لە (دار) و واتای جیاوازیان هەبێت.

**ئەلۆفۆن** (**شێوەی دەنگ**): هەر فۆنیمێک لە کۆمەڵە دەنگێک یان خێزانە دەنگێک پێک دێت ، بەهەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی ئەم خێزانە دەوترێت ئەلۆفۆن.

ئەلۆفۆنیش شێوەی جیا جیای یەک فۆنیمن .

هەر فۆنیمێک دەبێ ئەلۆفۆنێکی هەبێت ، زۆربەیان دوو یان سێ یان زیاتریشیان هەیە.

بۆ نموونە دەنگی [ و ] لە زمانی کوردیدا لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ

١-(و) کە نیوە بزوێنێکی ئاوازدارە بە هۆی لێو و نەرمە مەڵاشو دروست دەبێت و لێو لە گەلیدا خڕ دەبێت وەک:

ساوار، وەرە

٢-(و) کە نیوە بزوێنێکی ئاوازدارە بە هۆی لێو و نەرمە مەڵاشو دروست دەبێت و لێو لە گەلیدا خڕ دەبێت وەک:

خوێن ،گوێز

بە هەردوو شێوەی سەرەوە، /و/ لە کوردیدا پێکدەهێنن و هەر یەکەیان لە شوێنی تایبەتدا دەردەکەون وجێگای خۆیان ناگۆڕنەوە، بۆ زیاتر روونکردنەوە سەرنجی هەردوو دەنگی (ڕ، ر) بدەن لە زمانی کوردی و عەرەبیدا.

ئەم دوو دەنگە لە کوردیدا لە هەمان بارو و دۆخ و ژینگەدا بەکاریان بهێنین دەبنە هۆی گۆڕینی واتا ،وەک ؛(بڕین، برین) . کەواتە هەردوو دەنگی [ ڕ، ر ] لە کوردیدا دوو فۆنیمی جیاوازن .

بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بە شوێن گۆرینی ئەم دوو دەنگە لە هەمان بارودۆخدا نابێتە هۆی گۆرینی واتا، کەواتە هەردووکیان ئەلۆفۆنی یەک فۆنیمن. بە واتای ئەوەی لە هەموو زمانی عەرەبیدا بگەرێین دوو نموونەمان دەست ناکەوێت کە تیایدا بە ئاڵوگۆری (ڕ)

و (ر) واتای وشەکان بگۆرێت . ئەمەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەین.

/ڕ/ = [ڕ] +[ر] لە عەرەبیدا

بەڵام لە کوردیدا دەبن بە دوو فۆنیم وەک= / ڕ/ ، / ر/

هەروەها لە کوردیدا دەنگی (گ) بە دوو شێوە دەدرکێنرێت ،وەک لە وشەی (گیا)دا . یەکەم (گ) نەرم دووەم (گ) ی ئاسایی وەک لە وشەی (مەرگ) دا.

بەڵام نادۆزینەوە کە شوێنی (گ) ی نەرم و ئاسایی تێدا بگۆرێت و بێتە هۆی گۆرینی واتا . کەواتە:

[گ] ی نەرم و [گ] ی ئاسایی لە کوردیدا هەردووکیان ئەلۆفۆنی فۆنیمی /گ/ ن.

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئەلۆفۆنمان هەیە؛

**١-ئەلۆفۆنی ئازاد** :ئەم جۆرە لە باری گۆڕانی ئازاددا دەبێت لەگەڵ ئەلۆفۆنێکی تردا لە هەمان شوێندا ، واتە قسەکەر بۆی هەیە ئەلۆفۆنێک هەڵ بژێرێت لە نێوان دوو ئەلۆفۆندا، یان زیاتر. لە هەمان شوێندا بەکاری بهێنێ .بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕینی واتا، یان کار بکاتە سەر ناپەسەندی درکاندن. وەک:

(کێ) و (کێ یە) ، (کێک) و(کێک) و(گیان) و (گیان)

**٢-ئەلۆفۆنی دەوروبەر**: ئەم جۆرە لە وشەدا بەسەر شوێنەکانیدا دابەش دەبێت و بەسەر دابەشبونیدا زاڵ دەبێت ، ئەمانە هەمیشە لە باری دابەشبوونی تەواوکەریدا دەبن.

**-دابەشبوونی تەواوکەریش**: بریتیە لە وەی کە ئەلۆفۆنەکانی یەک فۆنیم بە شێوەیەکی تەواوکەری دابەش دەبن بە واتای ئەوەی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمێک بە سەر شوێنەکانیان دا دابەش دەبن و هێچ کامێکیان شوێنی ئەویتر ناگرێتەوە : بۆ نموونە دەنگی [ت] لە وشەکانی

(تەور ، گرتن ، خەوت)دا

١- [ت] لە وشەی (تەور) دا دەنگێکی هەواییە بەیەک هەناسە دەردەبڕدرێت (دەدرکێنرێت).

٢-[ت] لە وشەی (گرتن) دا دەنگێکی هەوایی نیە.

3-[ت] لە وشەی (خەوت) بەندکراوە ، واتە بە هۆی هیچ تەقینەوەیەک نادرکێنرێت.

کەواتە هەرسێ دەنگی [ت] یەکەم و دووەم و سێیەم ئەلۆفۆنی یەک فۆنیمن کە ئەویش /ت/ ە. وە ناکرێ ئەم سێ دەنگانە لە شوێنی یەکتردا بەکار بهێنرێت.

**چۆن فۆنیمەکانی زمان دەست نیشان دەکەین**: بۆ دەست نیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانێک پێویستە لەسەر بنەمای گۆڕینی واتای وشەکان فۆنیمەکان جیابکرێنەوە و دەست نیشان بکرێن. پەیڕەوی گونجاو بۆ دەست نیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان بریتیە لەوەی کە فۆنیم بە نیشانەی جیاکەرەوە دابنرێت لە سنوری زمانێکی تایبەت و دیاریکراودا. بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکەین فۆنیمەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا تاقیبکەینەوە ، ئەویش لە ڕێگای بەرامبەرکردنی جوتێک وشە کە پێی دەوترێت ( جوتۆکە ) یان کۆمەڵیک وشە. کە بریتیە لەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەکو یەک وایە بەڵام لە تاکە

دەنگێکدا جیاوازن، کە ئەم جیاوازییەش بۆتە هۆی ئەوەی واتای جیاواز بێتە ئاراوە. کەواتە دەتوانرێت بەبەراورد کردنی هەر جووتە وشەیەک لە زمانەکەدا فۆنیمەکان دەستنیشان بکرێت وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە.

| جــووتۆکـــــه (سێته وشه) | فۆنیـــــمـەکان | فۆنیمی تازه | ژماره |
|---|---|---|---|
| بیر- پیر – سیر – تیر – ژیر- میر | ب–پ–س–ت–ژ–م | ب–پ–س–ت–ژ–م | 7 |
| کەر- کەڕ- کەو- کەم- کەس کەی- کەل- کەف | ر- ڕ- و- م- س- ی- ل – ف | ر- ڕ- و- ی- ل – ف | 6 |
| پار- بار- شار- کار- زار- دار- هار- مار- غار | پ- ب- ش- ک- ز- د هـ – م - غ | - ک- ز- د- هـ - غ | 5 |
| شەو- کەو- خەو- چەو | ش- ک- خ- چ | خ- چ | 2 |
| خاو- چاو- داو- ناو- ڕاو- لاو | خ- چ- د- ن- ڕ- ل | ن | 1 |
| ڤیان – ژیان – زیان | ڤ- ژ – ز | ڤ | 1 |
| حەوت- نەوت- کەوت- خەوت چەوت | ح- ن- ک – خ- چ | ح | 1 |
| چل – چڵ | ل - ڵ | ڵ | 1 |
| بەش- گەش- ڕەش- لەش- شەش - کەش | ب- گ- ڕ- ل- ش- ک | گ | 1 |
| هەزار – هەژار – هەنار | ز – ژ- ن | — | — |
| باش – ماش – جاش | ب- م- ج | ج | 1 |
| هەور- جەور – چەور | هـ – ج - چ | — | — |
| ڕەق – ڕەز – ڕەش | ق- ز- ش | ق | 1 |
| مان- مار- ماچ- ماف- ماش- ماڵ - ماد – مام – مات | ن- ر- چ- ف- ش- ڵ د- م- ت | — | - |
| مازی – ماسی | س- ز | — | — |
| دوور – دار – دەر | وو – ا – ە | وو – ا – ە | 3 |
| شێر – شار – شیر | ێ – ا – ی | ێ - ی | 2 |
| زۆر – زار – زوور | ۆ- ا- وو | ۆ | 1 |
| ژان – ژین – ژi ن | ا- ی - i | i | 1 |
| کۆن – کون | ۆ - و | و | 1 |
| برین - بڕین | ر- ڕ | — | - |
| کەڕ – کوڕ – کۆڕ – کڕ | ـە - و – ۆ -i | — | — |
| بان- باغ- بار- باو- باش | ن- غ- ر- و- ش | — | — |

ئەگەر سەیری ئەم جوت ( سێت ) ە وشانەی سەرەوە بکەین کە بەراوردمان کردوون دەبینین هەموو دەنگەکانیان وەک یەک وان تەنیا لە یەک دەنگ نەبێت، کە ئەویش بۆتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە ،کەواتە ئەو دەنگە دەبێتە فۆنیم لە زمانی کوردی دا، ئەم کردارە دووبارە دەکەینەوە لە وشەی تردا و وشەی بۆ زیاد دەکەین و فۆنیمی تازەمان بۆ دەردەکەوێت ، تا هەموو فۆنیمەکان دەستنیشان دەکەین.

**دابەشبوونی فۆنیمەکان** : وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، یەکێک لە کارە سەرەکیەکانی فۆنۆلۆجی بریتیە لە دەست نیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان. بەڵام جگە لەمە فۆنۆلۆجی گرینگی بە جیاکردنەوەو دابەشبوونی فۆنیمەکان دەدات لە زمانێکی دیاریکراو وتایبەتدا . بۆ دابەش کردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ف ۆنیمەکان دەبن بە دوو بەشی سەرەکی کە بریتین لە (فۆنیمە کەرتیەکان و فۆنیمە ناکەرتیەکان)

**یەکەم/ فۆنیمە کەرتیەکان**: لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان بە چەند شێوەیەک ئەنجام دەدرێت، واتە لە چەند ڕووێکەوە دەبێت .بۆ نموونە یەکێک لەو ڕووانە یان لەو ئاستانە بریتیە لە ئاستی (جۆری یان چۆنیەتی دڕکاندن) .ئەمە واتە شیکردنەوەی دەنگەکانی زمان لە ڕ ووی چۆنیەتی دڕکاندنی دەنگەکان، دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکیەوە وەک:

١- نەبزوێنەکان (کۆنسنانتەکان)　　　　٢- بزوێنەکان (ڤاوڵەکان)


واتە دەنگەکانی زمان لە ڕووی چۆنیەتی دروست بونیان دەبن بە(کۆنسنانت و ڤاوڵ). ئەم دووەش لە ڕووی دڕکاندنەوە دەتوانرێت بەم شێوەیە لە یەکتر جیابکرێنەوە.

کۆنسنەنتەکانی زمان بەوە دەستنیشان دەکرێن یان دەناسرێنەوە، کە لە کاتی دروست بوونیان دا، ئەندامانی ئاخاوتن دێنەوە یەک، بۆ ئەوەی تەگەرە بخەنە پێش ئەو هەوایەی کە لەسیەکانەوە دێتە دەرەوە، جا یان ڕێڕەوەکەی تەسک دەکەنەوە یان بە تەواوی دای دەخەن و دواتر دەیکەنەوە. واتە ڕێگا نادەن هەوا بە ئارەزووی خۆی بۆ دەرەوە بڕوات، لە هەندێک شوێن ڕێگای لێ دەگرن. بۆ نموونە ئەندامەکانی وەک تاڵە باریکەکانی قورگ و مەڵاشوی نەرم و زمان و لێو....هتد. بەشداری دەکەن لەم کرداری تەگەرە خستنە پێش هەوای هاتوو لە سییەکانەوە.

کەواتە(کۆنسنانت) ئەو دەنگەیە لە دەربازیکەوە گیردەبێت و دواتر دەردەبڕدرێت. چونکە هەوای هاتوو لە سییەکانەوە ڕێگای لێ دەگیرێت .بەمەش دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر دەنگێک

یان هەر فۆنیمێک لە کاتی درکاندن یدا، ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە کێشەی بۆ دروستبو و، یان تەگەرەی خرایە بەردەم جا چ لە قورگ بێت یان لە بۆشایی زار، ئەوا ئەو دەنگە کۆنسنانتە. بەڵام بزوێن (ڤاوڵ) بەوە دەناسرێتەوە یان جیا دەکرێتەوە، کە لەکاتی دڕکاندن هەوای هاتوو لە سییەکانەوە بە ئارەزووی خۆی دێتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی ئاخاوتن کێشەی بۆ دروست بکات یان تەگەرە بخاتە پێشی. واتە هەر دەنگێک لە کاتی دروست بوونیدا یان درکاندنیدا، هەوا بەبێ تەگەرە لە سیەکانەوە هاتە دەرەوە ئەوا ئەو دەنگە ڤاوڵە.

بە پێی جوڵانەوە یان لەرینەوەی ژێکانی قورگ، کۆنسنانتەکان دەبن بە دوو بەش ێ هوانی ش بریتین لە: (کۆنسنانتە گڕەکان) و (کۆنسنانتە کپەکان)





د. عمر احمد

ئەم خشتەیە ی خوارەوە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی نیشان دەدات لەگەڵ ئەو سیفەتەی کە هەڵی گرتووە.

| چۆنییەتی درکاندن | | شـــوێنـــی دروســـت کـــردن ) (ســـازگـــە) | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لێو ی | ددانی | ددان و پۆک | پوو ک | پووک و مهڵاشوو | مەلاشوی ڕەق | مەلاشوی نەرم | زمانۆکە | فورگ | ژێیەکان |
| وەستاوەکان | کپ (بێ ژێ) | پ | ت | | | | | ک | | | |
| | گڕ (ژێدار) | ب | د | | | | | گ | | | هەمزە |
| لێکدراوەکان | کپ (بێ ژێ) | | | | | چ | | | | | |
| | گڕ (ژێدار) | | | | | ج | | | | | |
| خشۆکەکان | کپ (بێ ژێ ) | | ف | | س | ش | | خ | | ح | ه |
| | گڕ (ژێدار) | | ڤ | | ز | ژ | | غ | | ع | |
| لوتییەکان | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| | گڕ (ژێدار) | م | | ن | | | | | | | |
| لازاریی هکان | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| | گڕ (ژێدار) | | | | ل | ڵ | | | | | |
| لەرۆکەکان | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| | گڕ (ژێدار) | | | | | ر، ڕ | | | | | |
| نیمچە ڤاوڵ | کپ (بێ ژێ) | | | | | | | | | | |
| | گڕ (ژێدار) | و، w | | | | | ی، y | | | | |

دەتوانرێت  ڤاوڵەکانیش بە گوێرەی باری زمان بەرامبەر بە مەلاشو و  لە ڕووی بەرزی و نزمیەوە، هەروەها دەست نیشانکردنی ئەو بەشەی زمان کە بەشداری دەکات لە بەرزی و نزمیەکەدا، دەستنیشان بکەین.




ڤاوڵی ( ی ، بزرۆکە، ێ ) بە بەشی پێشەوەی زمان دروست دەبن،  ڤاوڵی (ە، ا )  بە بەشی ناوەڕاستی زمان دروست دەبن، بەلاَم ڤاوڵی   ( وو ، و ،  ۆ ) بە بەشی پشتەوەی زمان دروست دەبن . هەروەها ڤاوڵەکان هەموویان ژێدارن واتە (گڕن).

لە کۆتایدا دەڵێین دوای بەکار هێنانی ڕێگای (جوتۆکە) و (سێتۆکە) بۆ دەستنیشان کردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەتوانین بڵێین فۆنیمەکان بریتین لە مانەی خوارەوە:

**- فۆنیمەکانی زمانی کوردی :**

**بزوێنەکان** (**کۆنسنانتەکان**)  : ( ب – پ –س  – ش  – ت – ژ – م – ر – ڕ  – ی  – ل – ف  – ک  – ز – د  – ە – غ – خ – چ – ن – ڤ  – ح  – ڵ – گ – ج – ق– [هەمزە] )

د.عمر احمد

**بزوێن (ڤاوڵەکان)** : ( ی – ێ – بزرۆک ە – ە - ا - وو - و - و - ۆ)

لەم فۆنیمانەی سەرەوە کە دەست نیشانمان کردن دوو فۆنیمیان دەبن بە (نیمچە ڤاوڵ) یان (نیمچە کۆنسنانت).

**-نیمچە ڤاوڵ (نیمچە کۆنسنانت)؛** لە کوردیدا ژمارەیان دوو فۆنیمە، فۆنیمی (و - ی، y –w ).

ئەم دەنگانە پێیان دەوترێت نیمچە بزوێن چونکە لە دروستبوندا واتە لە ئاستی فۆنەتیک وەک بزوێن دەدرکێنرێن بۆیە پێیان دەوترێت نیمچە بزوێن (ڤاوڵ). بەڵام لە کاتی ریزبوون لەگەڵ دەنگەکانی تردا واتە لە ئاستی (فۆنۆلۆجی) لە ڕووی ئەرکەوە وەک (کۆنسنانت) دەور دەبینن یان کاردەکەن، بۆیە پێیان دەگوترێت نیمچە کۆنسنانت . ئەم دەنگانە لە کاتی دروست بوونیاندا تا ڕادەیەکی زۆر کەم، تەنگبوونەوە لە ڕێڕەوی دەنگیدا پەیدا دەبێت. هەروەها وەک کۆنسنانتەکانی تر سازگەیەکی دیاریکراویان نیە.

هەردوو فۆنیمی ( و – ی) ( y , w ) کاتێک دەبن بە بزوێن (ڤاوڵ) ئەگەر هاتوو بزوێن (ڤاوڵ) هکانی (وو، ۆ، ێ، ا، ە، i) یان لە تەنیشت نەهاتبوو وەک (شین – دونگ) لەم دوو وشەیەدا هەردوو فۆنیمی (و - ی) د وو فۆنیمی بزوێنن (ڤاوڵ) ن، چونکە ڤاوڵەکانی تریان لە تەنێشت نەهاتووە.

بەڵام ئەگە هاتوو لە ناو زنجیرەی دەنگدا ڤاوڵی تریان لە تەنیشت هاتبوو، ئەوا ئەم دوو دەنگە دەبن بە کۆنسنانت، وەک؛ (چاو - دیاری) لەم دوو وشەیەدا هەردوو فۆنیمی (و - ی) بزوێنی تریان لە تەنیشت هاتووە بۆیە ئەوان دەبن بە نەبزوێن، چونکە یەکێک لە یاسا فۆنۆلۆجیەکانی زمانی کوردی ئەوەیە دوو ڤاوڵ لە تەنیشت یەکتری نایەن.

– ئەگەر هاتوو هەردوو فۆنیمی (ی - و) کەوتنە تەنیشت یەکترەوە، ئەوا هەردەم (ی) دەبێتە بزوێن (ڤاوڵ) وەک : (ئەوین - نیو) لەم دوو وشەیەدا فۆنیمی (و) دەبیت بە کۆنسنانت و فۆنیمی (ی) دەبێت بە ڤاوڵ.

– هەروەها ئەگەر ئەم دوو دەنگە کەوتنە سەرەتای بڕگە ئەوا هەمیشە دەبن بە نەبزوێن (کۆنسنانت)

**فۆنیمە ناکەرتیەکان:**

بە گشتی فۆنیمەکانی زمان دەبن بە دوو جۆری سەرەکی (کەرتیەکان و ناکەرتیەکان) فۆنیمە ناکەرتیەکانیش بریتین لە ( هێز ، ئاواز ، وەستان....هتد)

هێز چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە :

1. هێز : وزەیەکی زیاترە( بە گوێرەی بەشەکانی تر ) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یان دەستەواژە.
2. هێز: زیادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ لە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا.
3. سترێس ئەو هێزەیە کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، واتە ئەو وشەیەی کە بریتیە لە دوو یان زیاتر لە دوو بڕگە.

لەکاتی ئاخاوتندا هەندێک بڕگە درێژترو بە هێزتر وتوندتر لە خۆی دەگووترێت بۆ نمونە لە وشەی (باران) دا بڕگەی دووەم (ران) درێژترە و بەهێزترە لە بڕگەی یەکەم.

**تێبینی/ درێژی دەنگ:** ئەو پێویستییەیە لە کاتی دەربڕیندا کە دانەیەکی زمان دەیخایەنێ ، بە شێوەیەکی ڕونتر ئەو زەمەنەیە کە دەنگێک تیایدا بەردەوام دەبێت لە کاتی دەربڕیندا.

دەنگەکانی زمان لە ڕووی درێژیەوە جیاوازیان هەیە، ئەو جیاوازیانەش بە مەبەستی زمانەوانی بە کاردێت، واتە زمانەوانی سودی لێ دەبینێت بۆ شیکردنەوەی زمان.

جیاوازی زەمەنی دەربڕینی ڤاوڵەکان لە زمانەکاندا شتێکی باوە، بەڵام جیاوازی لە دەربڕینی زەمەنی کۆنسنانتەکان باو نیە. هەندێک زمان سود لە درێژی و کورتی ڤاوڵ (تارادەیەکیش کۆنسنانت) دەبینن وەکو زمانی (فنلدنی).

لە ڤاوڵەکاندا ئەگەر زەمەنی ڤاوڵ لە ئاسایی خۆی تێپەری دەبێت بە ڤاوڵێکی تر بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ( کوڕ) دەبێت بە (کووڕ) واتای دەگۆڕێت . بۆ نموونە ڤاوڵە درێژ و کورت و خڕ و نەرم و تیژەکان : ڤاوڵی درێژ (وو) وەک لە وشەی ( دوور) ، (ی) ڤاوڵێکی درێژە وەک لە وشەی ( شیر ،نیر ، پیر ) ڤاوڵی (وو) ،(ۆ) ،(و) : هەندێک جار خڕ دەبن پێیان دەڵێن ڤاوڵی (خڕ) لە کوردیدا تەنیا ڤاوڵە واویەکان سیمای خڕیان هەیە.ڤاوڵی تیژ و نەرم : (ی) ڤاوڵێکی تیژە ، (و) ڤاوڵێکی نەرمە.

**هێز لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا:** مەبەست لەو هێزەیە کە لە چوار چێوەی ئاست و دانە جۆراوجۆرەکانی زمانێکی دیاریکراودا ئەرک و ڕۆڵ دەبینێت. هەر زمانێک کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، سەبارەت بە هێز، هەروەها هەر زمانێک بە شێوەیەک هێز بەکار دەهێنێت، کە جیاوازە لە زمانەکانی دی، بۆ نموونە هەندێک زمان هێز دەخەنە سەر بڕگەی یەکەم، هەندێکی تر دەیخەنە سەر بڕگەی پێش کۆتایی یان کۆتایی.

١-**هێزی وشە( فەرهەنگی)**: مەبەست لەم جۆرە ئەو هێزەیە کە دەکەوێتە سەر وشە کاتێک وشەکە بە تەنیا بگوترێ یان لە فەرهەنگدا و لە دەرەوەی زنجیرەی ئاخاوتندا بگوترێت ( قسەی نابەردەوام). لەم جۆرەدا هێزەکە تەنیا لەو وشانەدا دەستنیشان دەکرێت کە بەتەنیا دەگوترێت ، ئەمەش کارێکی ئاسان نیە چونکە ئێمە وشەکان بە تەنیا ناڵێین، جگە لە چەند هەڵوێستێکدا نەبێ وەک :

– وشە پرسەکان : کێ ، چێ ، کوو ،...هتد

– ڕەنگە ، لەوانەیە ، فەرموو ، بەڵێ ، باشە ، نەء

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە وردبوونەوە لە وشەی (بەتەنیا دەربڕاو) زیاتر یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی شوێنی هێزەکە، لەوەی کە وشەکە لە ناو زنجیرەی ئاخاوتندابێت.

کاتێک وشە بە تەنیا دەردەبڕێت، ئەوا بە بەردەوامی شێوەی هێزداری تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە کوردیدا بە زۆری بڕگەیەک یان زیاتر لە هەر وشەیەکی واتادار هێزدارە، واتە هێزی دەکەوێتە سەر؛ بەمپێیە ئەو وشە واتادارانەی کە لە بڕگەیەک زیاتر پێکهاتوون یەکێک لە بزوێنەکان هێزێکی زۆرتر لە ئەوانی تر وەردەگرێت و کە ئەم بزوێنە هێزی سەرەکی وەرگرتووە و ئەوانی تر هێزی دووەکییان وەرگرتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بڕگەکان یا هێزدارن بە هێزی سەرەکی یا هێزدارن بە هێزی دووەکی یاخود بێهێزن . لە کوردیدا لە وشەی تەنیادا واتا ئەو وشانەی بەتەنیا دەگوترێت هەمیشە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، بەڵام وشەی ریزپەڕیش هەن .

–بەگۆڕینی شوێنی هێزی سەرەکی لە هەندێک وشەدا، دەبێتە هۆکاری گۆڕانی واتای وشەکە ئەمەش فۆنیمیەتی هێز لەو زمانەدا پشت ڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەگەر شوێنی هێز لە وشەی (سەوزە) دا بگۆڕین ئەوا واتای وشەکە دەگۆڕێت دەبێت (سەوزە) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە هێز لەزمانی کوردیدا فۆنیمێکی سەر بە خۆیە.

–لەهەندێک وشەدا گۆڕینی شوێنی هێز نابێتە هۆی گۆڕینی واتا بەڵام حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت وەک (نوستن) چاوگە، بە گۆڕینی شوێنی هێزەکە ( نوستن ) دەبێتە (ئەوان نوستن) بە مەبەستی دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر شوێنی هێز ئەم زانیاریانە یاخود بە پێی ئەم زانیاریانە وشەکان پۆڵ بکرێن .

١–وشەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە جیا بکرێنەوە وەک وشەی (سادە ، نادسادە).

٢– دیاریکردنی وشەکان بە پێی پۆلی ڕێزمانی (ناو، کار، ئاوەڵناو، جێناو، ..هتد).

٣–دیاریکردنی وشەکان بە پێی ژمارەی بڕگە.

**یەکەم :**

**هێزی وشەی سادە :** وشەی سادە بریتیە لەو وشانەی کە لە یەک پارچەی واتادار پێکدێن.

١–وشەی سادەی یەک بڕگەیی: ( نان ، nan ) ، ( ئاو ، aw )، ( پیاو، pyaw )

٢–وشەی سادەی دوو بڕگەی: (هەولێر. hawler )(ئاسمان asman ) ، (کانی–kani)

٣–-وشەی سادەی سێ بڕگە: . (سمۆرە simora ) ، (ئەستێرە astere )

٤–وشەی سادەی چوار بڕگەیی:) ( عارەبانە arebane ) ، (جەمەدانی–jemedani )

**دووەم : هێزی وشەی ناسادە (لێکدراو و دارێژراو):**

(شەو کۆ shewkor )، (ماستاو mastaw )، (دەسماڵ – desmal ) ، (چاورەش–Cawresh)

تێبینی(١)

٥–هێز و وشەی گیرەکی (لێکدراو): (ناڵبەند ، nalbend) (دوکاندار–dukandar) ، (–asingerئاسنگەر )

هەروەها دەستەیەک پاشگری ترمان هەیە بە ناوی سادەوە دەلکێن و ناوی تازە دروست دەکەن بۆ ئاماژە کردن بۆ شوێن . ئەم جۆرە پاشگرانەش لە خۆوە هێزدارن . وەک پاشگرەکانی (گا ، گە ، ستان ، خانە ، دان ، ەن ، ەڵان ، ێن ، سەدار /دار : ان ،زار ) . لەم

جۆرەش دا هێزی یەکەم هەمیشە لەسەر بڕگەی کۆتایی دەبن وەک : ( مەیخانە meyxane ) ، ( هیندستان Hindistan ) ، ( دەزگا dezga ) ، ( ئاگردان agirdan)

–هەروەها ئەو پاشگرانەی ناوی واتایی دروست دەکەن پاشگری لەخۆوە هێزدارن وەک : ( kureni کوڕێتی ) (منداڵی – mindali) ( برایەتی –brayeti ) (دۆستایەتی dostayeti)

لەمانەی سەرەوە هێزی دووەکی بە زۆری دەچێتە سەر دوا بڕگەی وشەی بنچینەیی.

–هەروەها کۆمەڵێک پاشگری ڕێزمانی هەن لە کوردیدا دەچنە سەر ناو باری ڕێزمانی دەردەخەن بە گشتی واتای (بچوککردنەوەو نازداری و خۆشەویستی ) نیشان دەدەن . ئەمانەش پاشگری لە خۆوە هێزدارن . پاشگرەکانیش وەک (ۆکە– یلە – وولە – ۆڵە – چکە – چە – وولکە – یلکە – مندالۆچکە – ۆ –ۆل) وەک لە وشەکانی (بەرخۆڵە ،کاریلە ،ڕێچکە ، داسوولکە ، منداڵۆچکە ،شێرۆ) .

–هەموو ئەو پاشگرانەی ناوی داڕێژراو و ئاوەڵناوی داڕێژراو دروستدەکەن هەموویان لە خۆوە هێزدارن.

–بەڵام هەرچی پەیوەندی بە پێشگرەوە هەیە، ئەوە کە پێشگر هێزی یەکەم و سەرەکی وەرناگرێت ، واتە ئەو پێشگرانەی لە گەڵ (ناو ، ئاوەڵناو ، ڕەگی کار ، ئاوەڵکاری سادە ) وشەی نوێ پێک دەهێنن و بە تەنیا دەگوترێن بەگشتی هێزی سەرەکی وەرناگرن وەک:

(nexoS نەخۆش) (behosبێ هۆش) ، ( بێ گور begur ) ، ( بێ شک besik ) ، ( نەبەز nebez )

جگە لەمانەی سەرەوە هێزی ڕستە و دەستەواژەش بوونی هەیە.

**ئاواز** : ئاواز هەڵس و کەوتی ( هەستان و دابەزین ) ئاوازەی ڕەوتی دەنگە لە کاتی قسەکردندا.

–ئاواز گۆڕانە لە ڕەوت ، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕێژەی لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگ .

– مەبەست لە ئاواز مۆسیقای قسەیە ، گۆڕانی ڕەوتی دەنگە لە چوارچێوەیەکی دیاردا بە هۆی هێزەوە کۆنترۆڵ دەکرێ.

لەمانەی سەرەوە پێناسەی پێناسەی یەکەم و دووەم لە ڕوانگەی فۆنەتیکە و پێناسەی سێیەمیش لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجیە.

تێبینی (1) : لەو وشە لێکدراوە دوو فۆنیمیانەی کە بە بێ ئامراز لێک دەدرێن . لەم جۆرە وشانەدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی ، هێزی دووەکیش لە سەر بڕگەی یەکەم دەردەکەوێت ، لە کاتێکدا ئەگەر ئەم وشانە بە تەنیا بگوترێن.

تێبینی (٢) : ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوەی سادە ،وەک پاشگرە وشەداڕێژەکانی (گەر ، دار ،بەند ، ساز...تد ) لە وشەکانی (ئاسنگەر ، ناڵبەند ، دانساز ... تد) دا . ئەم جۆرە پاشگرانە پاشگری لە خۆوە هێز هەڵگرن . هێزی سەرەکی هەردەم دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی پاشگرەکە ، ئەو وشانەی لە دوو بڕگە پێک هاتوون هێزی دووەکی لە سەر بڕگەی یەکەمە، بەڵام ئەوانەی لە سێ بڕگە پێک هاتوون هێزی دووەکی و هێزی سێیەم چەسپاو نیە ، بە گوێرەی جۆری بڕگە و جۆری بزوێنەکان و سەرەتا و کۆتایی بڕگە دەگۆڕێ.

تێبینی: (´ : هێمای هێزی یەکەم ) ، (` : هێمای هێزی دووەم ) ( ^ : هێمای هێزی سێیەم)

**بڕگە** : بڕگە (دەنگێک ) یان کۆمەڵە دەنگێکە بە یەک تەوژمی هەوای هەناسە لە زار دێتە دەرەوە .

کۆمەڵە دەنگێکە پێکەوە دەردەبردرێن ، دەنگێک لەمانە لە هەموویان زیاتر دەردەکەوێت.

لەڕووی فۆنەتیکییەوە بریتییە لە یەکەیەکی میکانیزمی یان یەکەیەکی فیزیاوی . کە دەلێین ( میکانیزمیی ) واتە لەڕووی میکانیزمی باسی چۆنییەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتن دەکرێت لەکاتی قسەکردندا .

لە ڕووی میکانیزمییەوە هەر بڕگەیەکی فۆنەتیکی بەندە بە نەبزێکی سییەکان ، لەلایەکی تر سروشتی فیزیکی دەنگەکان بڕگەی فۆنەتیکی دیاری دەکات ، واتە لەناو زنجیرەی دەنگدا بەپێی دەرکەوتنی لوتکە ( کە بەگشتی ڤاوڵەکان دەیان نوێنن) ژمارەی بڕگە دیاری دەکرێت .

بڕگە لە چەند ڕوویێکەوە دابەش دەکرێت ، ئەدەب ناسەکان بە جۆرێک و زمانەوانەکان بە جۆرێک ، هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی بڕگەی دابەشکردووە . وەک : بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆجی ، بڕگەی کراوە و داخراو ، بڕگەی کورت و درێژ .

- **بڕگەی درێژ** : ئەو بڕگانە دەگرێتەوە کە ڤاوڵەکانیان درێژن وەک ( دار ، زار ، با ...هتد)

- **بڕگەی کورت** : بەو بڕگانە دەگوترێت کە ڤاوڵەکانیان کورتن وەک: ( دە ، بە ... هتد)

سەبارەت بە جیاکردنەوەی بڕگەی کورت و درێژ زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لەم بارەیەوە سەرنجی ئەم تێبینییە بدە:

**بڕگەی کورت تەنیا ئەو جۆرە بڕگانە دەگرێتەوە:**

– ئەو بڕگانەی کە لە کۆنسنانتێک و ڤاوڵێک پێکدێن، بە مەرجێک ڤاوڵەکەیان کورت بێت.

– هەروەها ئەو بڕگانەی تەنیا لە یەک ڤاوڵ پێکدێن و ڤاوڵەکەیان کورتە. وەک (ئە)

(بۆچوونی جیاواز)

**کەچی بڕگەی درێژ:**

– هەموو ئەو بڕگانەی تر دەگرێتەوە جگە لەمەی کە لە سەرەوە باس کرا، جا ڤاوڵەکەی درێژ بێت یان کورد. واتە بڕگەی درێژ هەموو ئەم بڕگانە دەگرێتەوە:

– ئەو بڕگانەی لە دوو کۆنسێنانت و یەک ڤاوڵ پێکهاتوون.

– ئەو بڕگانەی لە سێ کۆنسنانت و یەک ڤاوڵ پێکدێن.

– ئەو بڕگانەی لە کۆنسناتێک و ڤاوڵێک پێکدێن، بە مەرجێک ڤاوڵەکەی درێژ بێت.

- **بڕگەی کراوە** : ئەو بڕگانەن کە کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن ( ڤاوڵ) دێت ، وەک (دا ، با ، خوا ، نا ... هتد)

- **بڕگەی داخراو** : ئەو بڕگانەن کە کۆتاییان بە فۆنیمێکی نەبزوێن ( کۆنسنانت ) دێت، وەک : ( شار ، ئارد ، ئاو ، دەشت ... هتد )

- **بڕگەی فۆنەتیکی** : ئەم جۆرە گشتییە، هەموو زمانەکانی جیهان تێیدا بەشدارن، پەیوەندی بە فسیۆلۆجییەتی هەناسە وەرگرتن و کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە .


- **بڕگەی فۆنۆلۆجی** : ئەمەیان پەیوەندی بە زمانێکی دیاریکراوەوە هەیە ، هەر زمانێک پێناسەیەکی تایبەتی هەیە بۆ بڕگە فۆنۆلۆجییەکەی، تەنانەت لەناو سنوری زمانێکیشدا و لە هەر زاریکی ئەو زمانەدا ، پێناسەی بڕگەی فۆنۆلۆجی هەر زارێک لەگەڵ زارێکی تری زمانەکەدا جیاوەزە ، واتە پێناسەی بڕگە لە سنووری زمانێکدا بەپێی زار و شێوەزارەکان دەگۆڕێت و هاوبەشی و جیاوازی هەیە . هەروەها زمانە خزمەکان ئەوانەی سەر بە یەک خێزانە زمانن ، لەناو خۆیاندا لە پێناسەی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا ، هاوبەشی و جیاوازییان هەیە.

بڕگە لە ئاستێکی بەرزدا لە سێ بەش پێکدێت، بەشەکانیش بریتین لە ( پێشەوە ، لوتکە ، دواوە ) .

لوتکە: ئەو بەشە یان ئەو ڕەگەزەیە کە دەبێ هەردەم بوونی هەبێ بەڵام ( پێشەوە و دواوە ) مەرج نییە هەموو کاتێک هەبن .

لە ئاستیکی نزمتردا لەوەی سەرەوە ، بڕگە لە دوو بەش پێکدێت ، ئەویش بریتییە لە بەشی پێشەوە و لوتکە ، واتە بەشی دواوە دەرناکەوێت و سفرە . یاخود دەشێت لە کوردیدا بڕگە بریتیبێت لە لووتکە و بەشی دواوە .

وەک وتمان بڕگە لە دەنگێک یان زیاتر پێکدێت، هەردەم دەبێت ڤاوڵیکی تێدابێت ، لە قسەیەکدا چەند ڤاول هەبێت ئەوەندە بڕگە هەیە . ئەم نەخشەیەی خوارەوە چۆنییەتی دەرکەوتنی بەشەکانی بڕگە پیشان دەدات لە کوردیدا .




بۆچونێک هەیە دەڵێ لە کوردیدا هەمزە بە فۆنم دانانرێت، بۆیە دەڵێن ( ئاو ) لە ( ا ، و ) پێکهاتووە و هەروەها ( ئا ) لە ( ا ) پێکهاتووە .

**هێشوو** Cluster : بەدوای یەکداهاتنی دوو کونسنانت یان زیاتر لە پێشەوە یان دواوەی ڤاوڵ (لوتکە) ی برگە لە سنووری برگەیەکدا پێی دەوترێت ( هێشوو). ئەو هێشوەی دەکەوێتە پێش ڤاوڵی برگە بە هێشووی سەرەتا و هەو هێشووەی دەکەوێتە دواوەی ڤاوڵی برگە بە هێشووی دوواوە ناو دەبرێت . هێشوەکان بەپێی ژمارەیان ناودەبرێن چ لە سەرەتای برگە یان لە کۆتاییی برگە دابن ، بۆ نموونە ( ج ، و ) هێشووەکی دوویی سەرەتاییە لە وشەی ( جوان ) دا . چەند نموونەیەک بۆ هێشوی دوو کونسنانتی لە کوردیدا : ( درەنگ ، ژیان ، ڤیان و پیاو ) .

لەکوردی ناوەڕاستدا بەگشتی هێشوە کۆنسنانتی دوویی سەرەتایی دەبینرێت ، بەزۆریش فۆنیمی دووەمی هێشووەکە بریتییە لە نیمچە کۆنسنانت . هێشووی سێیی سەرەتایی لەم بەشەی زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت .

هێشووەکۆنسنانتی دوویی لە دواوەی برگە بە روونی هەستی پێ دەکریت وەک ( گەرد ، ماست ، دەست ... هتد ) .

بەڵام هێشووی سێیی کۆتاییی بە پێی مەرج و بە کەمی هەستی پێ دەکرێت ، کە ئەمەش جێگای ناکۆکی زمانەوانەکانە . وەک لە نموونەکانی ( گەیشت ، ڕۆیشت ) دا دەبینرێت . ئەمەش مەرجی خۆی هەیە وەک :

1- کۆنسنانتی یەکەمی هێشوەکان نیمچە کۆنسنانتن .

2- کۆنسنانتی سێیەم دەبێ دەنگێکی وەستاو بێت .

**بەدوای یەکداهاتن** sequence : دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە لە ئەنجامی بەدواییەکداهاتنی کۆنسنانتەکان درووست دەبێت لە سنووری دوو برگەدا . پێویستە هێشو و بەدواییەکداهاتن

لە یەکتری جیا بکەینەوە بەوەی کە هێشوو بریتییە لە بە دواییەکداهاتنی کۆنسنانت لە سنووری برگەیەکدا بەڵام بەدواییەکداهاتن بریتییە لەوەی کە چەند کۆنسنانتێک بەدوای یەکتریدا بێن لە سنووری دوو بڕگەدا وەک :

(ماست ) (س ، ت ) هێشوو پێکدەهێنن . چونکە لە سنوری یەک بڕگەدایە .

0 دەستبردن ( س ، ت ، ب ، ر ) بەدواییەکداهاتنە . چونکە لە سنوری دوو برگەدایە .

**قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا** : بەگشتی لە کوردیدا نۆ قاڵبی برگە هەیە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

| قالیی بڕگە | نموونەی | نموونە |
|---|---|---|
| CCVCC | xward | خوارد |
| CCVC | Cwar | چوار |
| CCV | xwa | خوا |
| CVC | dar | دار |
| CV | ba | با |
| V | a | ئا |
| VC | aw | ئاو |
| VCC | ard | ئارد |
| CVCC | dast | دەست |

**ڕێنووسی لاتینی** : نوسین بە ڕینووسی لاتینی کۆمەڵیک ڕیوشوێنی تایبەت بەخۆی هەیە پێویستە پەیڕەوە بکرێن ، تاوەکو تووشی هەڵەی ڕێنووسی نەبین . ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا لەناو خوێندەوارانی کورددا پاشاگەردانییەک بەرچاو دەکەوێت سەبارەت بە نوسنی لاتینی، کە هەریەکەو بە هەوەسی خۆی پەیڕوی شێوازێک دەکات. لەخوارەوە شێوە و وێنەی پیتە لاتینییەکان دەخەینەڕوو:

## 1- وێنەی فۆنیمە بزوێنەکان(ڤاوڵەکان):

| عەرەبی | لاتینی | نموونە | نموونە | نمونە | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| ۆ | O | خۆم | xom | نۆ | no |
| و | U | کورد | kurd | کوڕ | kur |
| وو | Ū | بوون | būn | گەروو | gerū |
| ا | A | ڕاو | raw | با | ba |
| ە | E | وەرە | were | دەست | dest |
| ی | Î | میر | mîr | وازی | wazî |
| ێ | ê | دێ | dê | مێو | mêw |
| بزرۆکە | i | شل | Ŝil | ئاگر | agir |

## 2-وێنەی فۆنیمە نەبزوێنەکان ( کونسنانتەکان ):

| عەرەبی | لاتینی | نموونە | نموونە | نموونە | نموونە |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | B | باوەڕ | Bawer | نایاب | Nayab |
| پ | P | پەپوولە | pepule | گەپ | Gep |
| د | D | داد | Dad | داو | Daw |
| ت | T | ترێ | Tire | پەت | Pet |
| ڵ | Ĺ | دڵ | DiĹ | کۆمەڵ | Komeĺ |
| ل | L | لانک | Lanik | لم | Lim |
| ڕ | Ř | ڕاو | Řaw | مەڕ | Meř |
| ر | R | بار | Bar | بەرد | Berd |
| ق | Q | قەل | QEL | لەقلەق | LEQLEQ |
| ف | F | کەف | KEF | فانۆس | Fanus |
| ڤ | V | ئەڤین | avîn | تاڤگە | Tavge |
| و | W | وازی | Wazî | داو | Daw |
| ی | Y | یەک | Yek | کەی | Key |
| ک | K | کاک | KAK | کەو | Kew |
| گ | G | گۆنە | Gone | گەوڕ | Gewir |
| ز | Z | زار | Zar | بازاڕ | Bazar |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | J | ژاڵە | Jale | کەژ | Kej |
| ش | Ŝ | شووشە | Ŝuse | ماش | MaŜ |
| س | S | ساڵ | Sal | کەس | Kes |
| ج | C | جاجم | Cacim | جام | Cam |
| چ | Ĉ | چەک | Ĉek | چاو | Ĉaw |
| م | M | مام | mam | مۆم | Mom |
| هـ | H | هاوڕێ | Hawre | هەور | Hewir |
| ح | H | حەوت | hewit | حەوز | hewiz |
| خ | X | خەم | Xem | باخ | Bax |
| غ | Ẋ | غاردان | Ẋardan | غەزال | Ẋezal |
| ن | N | نان | nan | ناو | Naw |
| ع | ‘‘ | عوسمان | ‘‘usman | | |

**هەنگاوەکانی دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێک:**

هەنگاوەکانی دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێک بە دوو هەنگاو ڕێنووس بۆ هەر زمانی دادەنرێت:

١- دەستنیشان کردنی پیتەکان

٢- چۆنیەتی لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی وشەکاندا.

هەنگاوی یەکەم : دەستنیشان کردنی پیتەکان :بە گوێرەی هەنگاوی یەکەم ئەم ئەلفوبێیەی ئێستامان، کە پێکهاتنێکی گشتیی لەسەرە بەم شێوەیە:

وەستاوەکان(نەبزوێن): (ئـ ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ ، و، ی)

بزوێنەکان: (ا - ە - و - وو - ۆ - ی - ێ)

ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجیی و دەنگەکانی زمانی کوردی دەگونجێت. دەستکاری کردنیان بە زیادکردن و کەم کردنی هەندێک پیت گیروگرفتەکان زیاتر و ئاڵۆزتر

دەکەن و هەرگیز چارەسەر ناکرێن. بەتایبەتی ئێستا کراونەتە فۆنت و خراونەتە کۆمپیووتەرەوە. تازە چی ئەم فۆنتانە دەگۆڕێت؟

**ڕیزبوونی پیتەکان** :

کتێبە ڕێزمانییەکان و ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی، کە لەبارەی ئەلفوبێی کوردییەوە ئەنجامدراون، پیتە وەستاو( consonant) هەروەها (بزوینەکان ) ( vowel ) لێک جیادەکەنەوە. واتا بە دوو ڕیز دەیانخەنە ڕوو. ڕیزی وەستاوەکان و ڕیزی بزوێنەکان. سەربارى ئەمەش هەریەکە بە جۆرێک پیتەکان ڕیز دەکات .جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنیا لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر .بۆ ڕێزمان و فەرهەنگسازی و بەکارهێنانی گشتی دەبێت هەموو پیتەکان بە وەستاو و بزوێنەکانەوە تێک بچرژێنرێن و بکرێن بە یەک ڕیز و ڕیزکردنەکە بە پێی پێوانەکانی ستانداردی جیهانی بێت، وەک هەر زمانێکی تر .بۆ بەدیهێنانی ئەمە :بە لێکدانی هەردوو جۆر (وەستاو و بزوێنەکان) پیتە هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەک لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێت:

(ئـ وەستاو، ا بزوێن، ب وەستاو، پ وەستاو ، ت وەستاو، ج وەستاو، چ وەستاو، ح وەستاو، خ وەستاو، د وەستاو، ر وەستاو، ڕ وەستاو، ز وەستاو ، ژ وەستاو، س وەستاو، ش وەستاو، ع وەستاو، غ وەستاو، ف وەستاو، ڤ وەستاو، ق وەستاو، ک وەستاو، گ وەستاو، ل وەستاو ، ڵ وەستاو، م وەستاو،ن وەستاو، هـ وەستاو، ـە بزوێن، و بزوێن ، وو بزوێن، ۆ بزوێن، ی وەستاو، ی بزوێن، ێ بزوێن)

(ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن ) ( هـ – ـە)و – و( وو ۆ )ی – ی( ێ بۆ لادان لە دووبارەکردنەوەیە لە(3) هاوشێوەکاندا لە هەرجووتە یەکێکی لێ لادەبرێت دەمێنێتەوە (33) و ڕیزبوونەکە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

(ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

ئەمە پێڕەوێکی ئابووری و لۆژیکییە بۆ ڕیزکردنی پیتەکان. سیمایەکی سیستەماتیکی بە ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی دەبەخشێت. لەگەڵ سروشتی ڕیزبوونی پیتەکانی جیهانیشدا دەگونجێت و لە هەموو زمانێکیشدا بەمجۆرەیە.

**هەنگاوی دووەم** :

لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی وشەکاندا :بە گوێرەی چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لەناو چوارچێوەی وشەکاندا

**یەکەم وشەی سادە**: یەکێ لە ڕووە ئاسانەکانی نووسین و ڕێنووسی کوردی ئەوەیە چۆن دەوترێت ئاوا دەنووسرێت. بۆ بەدیهێنانی ڕێنووسێکی یەکگرتوو دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێ

١- هەر وشەیەک بە بزوێن دەست پێ بکات،(ئـ)دەچێتە سەر بزوێنەکە :

(ئازاد – ئەستێرە – ئێستا – ئۆباڵ - ئومێد – ئێرە )

٢- (و) ی کورت و (و)ی درێژی بزوێن لێک جیادەکرێنەوە.

( گوڵ - کورت – نوست – چوست)

(توند موو – پووش – بازوو – بلوور – دوور)

٣- (و) ی وەستاو لە وشەی سادەدا لەسەرەتای وشە و بڕگەدا بە یەک (و) دەنووسرێت وەک :

(وریا – ورد – وشە - ون – وشک – کاوڕ - هەور – چەور)

(وو) ی بزوێن، کە بە (و)ی درێژ ناو دەبرێت لە (و)ی کورت جیادەکرێتەوە و لە سەرەتای

بڕگە و وشەدا دەرناکەوێت.

(سنوور – پوور – بازوو – خەڵووز دوو – موو – بازوو – بەڕروو – خەسوو)

٤- ئامرازی بەستن (و) کە دوو وشە، یان دوو فرێز و ڕستە لێک دەدات لەناوەڕاستدا دەنووسرێت، چونکە وشەیەکی سەربەخۆیە و نە سەر بە وشەی یەکەمە، نە بە دووەم :

(من و تۆ/ هەوری بەرز و ئاسمانی شین/ من هاتم و تۆ ڕۆیشتی)

٥- ئامرازی بەستن (ی) بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێت

(ئاسمانی شین – گوڵی سوور - برای تۆ)

ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی هاتبێت، (ی) ی بەستنی دەبێت پێوە بلکێنرێت لەم حاڵەتەدا دەبن بە دوو (ی) وەک؛(یاریی منداڵان – دیاریی بەنرخ)

٦- (ـە) ی بەستن لە وشەی لێکدراودا بە وشەی یەکەمەوە دەلکێت سپێس ناکەوێتە دوای وشەکە، چونکە (هـەردوو وشە سادەکە) یەک وشەی تر پێک دەهێنن.

(گوڵەگەنم – بەردەباران – بەرزەڕێ – مانگەشەو – گەرمەتا)

٧- (ـە)ی بەستنی ناو بە ئاوەڵناوەوە بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێت، سپێس دەکەوێتە نێوان وشەکان

(ئەم ژوورە تاریکە – شارە وێرانەکە - منداڵە جوانە لاسارەکە)

٨- (ڕ) ی قەڵەو لەهەر شوێنێکی وشـەدا دەرکـەوت وەک خۆی دەنووسرێت

(ڕزگار ـ ڕوو ـ ڕەنگ ـ بەردەڕەش ـ دەمڕاست ـ بێڕوو ـ پڕ)

٩- (ی) کورت بێت، درێژ بێت، وەستاو بێت، بزوێن بێت لە نووسیندا لێک جیاناکرێنەوە .

(گوڵی سوور - ئاسمانی شین چیای بەرز – دۆی ترش یاسای ڕێزمانی – یاریی منداالان)

**دووەم: وشەی لێکدراو و داڕێژراو**

١- پێشگر و پاشگری چ مۆڕفۆلۆجی چ سینتاکسی بە وشەکەوە دەلکێن :

(ڕاهێنان – هەڵخستن - دۆزینەوە ـ هاتنەوە ـ هەڵکرتنەوە)

٢- وشـەلێکدراوەکان بە سـەریـەکەوە بێ سپێس لـە نێوانیاندا دەنووسرێن

(دڵپاک ـ دانساز ـ سەرخان ـ ڕووخۆش)

٣- وشەی مۆڕفۆسینتاکسی :کوردی زمانێکی پەلۆسینسیتییە لەرووی مۆڕفۆسینتاکسییەوە زۆر چالاکە. سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە بە ئاسانی ناگیرێت. هەمان وشە تێیدا دەشێت بە چەند جۆرێک بنووسرێت. بۆ نموونە :

هەڵم گرت / هەڵمگرت
هەڵتان نەسپارد / هەڵتاننەسپارد
ڕایان کرد / ڕایانکرد

لایان نەدا / لایاننەدا

هەڵی ناگرین / هەڵیناگرین

جیَ بە جیَ کردن / جێبەجیَ کردن / جێبەجێکردن

بیَ بەش / بێبەش

هیچ پێوانەیەکی زمانەوانی نییە بڵێت کام لەم دارِشتنانە راستە. ئەم بەشە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانییەوەیە .لێکۆڵینەوە دەریدەخات، کە زۆربەی نووسەران پێرِەوی هەردوو جۆر دەکەن. زۆربەی ئەو وشانەی لەدوو بەش پێک دین بەهەردوو جۆر دەیاننووسن و ئەو وشانەی لە زیاتر لە دوو بەش پێک دێن هەندێک جار هەموو بەشەکانی بە جیا دەیاننووسن و هەندێک جار دووبەشی بەسەر یەکەوە و بەشێکی بەجیا. لەم قۆناغەدا ناکرێت هیچ یاسایەک دابنرێت بۆ ئەم لایەنە .ئێمە وای بە باش دەزانین و وا پێشنیاز دەکەین، چۆن رۆیشتووە هەروا بمێنێتەوە، چونکە هەرچۆنێکی بنووسیت لێڵی دروست ناکات و هەموو ئەوانەی باسی گیروگرفتی رێنووسی کوردییان کردووە توخنی ئەم لایەنە نەکەوتوون، ئەمە بەڵگەیە، کە ئەم لایەنە نەبووەتە گیروگرفت و بیری لیَ نەکراوەتەوە. هەر یاسایەکیشیان بۆ دابنرێت پێرِەو ناکرێت .نووسینی وشە بە دوو جۆر دیاردەیەکی ئاسایی و باوە لە زۆر زماناندا. لە زمانی عەرەبی(3) و ئینگلیزی(4) و هەر زمانێکی تر بەدەستەوە بگریت زۆر وشەیان تێدایە، کە بە دوو جۆر دەنووسرێن. زمانەکە خۆی بە تێپەرِینی کات ئەم لایەنە سەروبەر دەکات.

**سێیەم: وشەی لە زمانەکانی تر وەرگیراو :**

ئەو وشانەی لەزمانەکانی تر وەردەگیرێن، دەخرێنە سەر رێنووسی کوردی وەک:

(ئیحتیمال ـ عومەر ـ ئەحمەد– سیڤی... تد.)

**یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی:**

یەکێک لە پێناسەکانی زمان یاخود تایبەتمەندییەکانی زمان بریتییە لەوەی کە (زمان دەنگە)، بەمەش زمان لە کۆمەڵێک دەنگی دیاریکراو پێکدێت، قسەکەر ئەم دەنگانە دەخاتە پاڵ یەکتری و واتایان لێباردەکات و بۆ گواستنەوەی بیرەکان بەکاریان دەهێنێت، ئینجا کە دەنگەکان دەخرێنە پاڵ یەکتری لەم بارەدا دەنگ هەیە دەنگێکی تر قبووڵ ناکات بۆیە لە تەنیشت یەکەوە نایەن یاخود یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر دروستدەکات و هەوڵدەدات یەکێک لە سیماکانی بگۆرِێت و لە خۆی نزیک بکاتەوە لە ئەنجامی ئەم یەکتر قبووڵنەکردنەشدا دەنگ

هەیە دەکەوێت و دەسوێت هەیە شوێنی خۆی دەگۆڕێت هی واش هەیە شوێنی خۆیان پاش و پێش دەکەن، هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بە پێی یاسا ڕوودەدەن ئەم یاسایانەش پێیان دەوترێت (یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمان) یاخود (یاسا دەنگییەکانی زمان) یاخود (یاساکانی گۆڕانی دەنگ).

**گۆڕان لە زماندا**: تایبەتیەکی تری زمان بریتییە لەوەی (زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە).واتە زمان وەکوو دیاردەیەکی زیندوو جووڵەی هەیە، لە دایکدەبێت و گەشەدەکات و دەگۆڕێت، دواتر دەشمرێت، ئەم گۆڕانانەی زمان شتێک نییە قسەپێکەران بتوانن ڕێگای لێبگرن، هەروەها ڕێگا گرتنیش لەم دیاردەیە کارێکی زانستی نییە، چونکە زمان بە گشتی لەگەڵ زمانەکانی دەوربەری خۆیدا کار لە یەکتری دەکەن و کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن، کە ئەمانەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە زماندا، هەروەها زمان هەر لە سروشتی خۆیدا هۆکاری گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە زەمینەی گۆڕانکاری لە ناو خودی زمانەکەدا هەیە و پرۆسەکە ڕوودەدات، زمانەوانەکان گۆڕانی زمانیان بەپێی چەند تیۆرێک لێکداوەتەوە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**تیۆری وزە پاراستن**: ئەم تیۆرە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان بەوە لێکدەداتەوە، کە مەبەست لێی پاراستنی وزەیە، واتا مرۆڤ لە کاتی قسەکردندا هەوڵدەدات وزەیەکی کەم بەکاربهێنێت، چونکە لە کاتی درکاندنی دەنگدا، بۆ جووڵاندنی ئەندامانی ئاخاوتن پێویستی بە وزە هەیە، جا هەندێک جار لە پێناوی بەفیڕۆنەدانی ئەم وزەیە یاخود کەمبەکارهێنانی ئەم وزەیە گۆڕانێک لە درکاندنی دەنگەکاندا ڕوودەدات. دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە ئاسانی و گرانی دەنگدەرهێنان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، واتە ئەو هێشوە دەنگەی لە کوردیدا قورسە، مەرج نییە لە زمانێکی تردا قورس بێت. ئەم تیۆرە لە لایەن (زیف و تێنس و کیورتس) ەوە پەسندکراو، بەڵگەشیان بۆ ڕاستی بۆچوونەکەیان ئەوەیە، کە زمانەکانی ئێستا ئاسانترن لە قۆناغەکانی پێشتر سەبارەت بە دەربڕین و درکاندن. ئەم بۆچوونە هەندێک لە گۆڕانەکانی زمان لێکدەداتەوە.

**تیۆری زمانی دایک**: بە پێی بۆچوونی ئەم تیۆرە گۆڕانەکانی زمان دەگەڕێنەوە بۆ کاریگەری دوو زمان لەسەر یەکتری، واتە کەسێک کە زمانی دایک بە باشی دەزانێت دواتر فێری زمانی دووەم دەبێت، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەدا زمانەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و گۆڕانی زمان دێتە ئاراوە. شایانی تێبینییە کە گۆڕانەکانیش بە هەردوو باردا ڕوودەدەن، واتا زمانی یەکەم و زمانی دووەم هەردووکیان دەشێت بکەونە ژێر کاریگەری یەکتر و بگۆڕێن، لە

بارێکدا ئەو خەڵکانە یان زمانی دووەم بە باشی فێرنابن یاخود زمانەکەی خۆیان بیردەچێت، لە هەردوو باردا گۆڕانی زمان ڕوودەدات، نموونەش بۆ ئەمە هەموو ئەو گۆڕانانەی کە بە سەر زمانی ئینگیلیزی داهاتووە لە (هیندستان، ئەمریکا، ئوسترالیا، کەنەدا ). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم تیۆرەش هەموو گۆڕانەکانی زمانمان بۆ لێکناداتەوە.

**تیۆری مارتنێت**: ئەم تیۆرە لە لایەن زمانەوانی فەرەنسی (مارتنێت) خراوەتەڕوو، کە ئەو پێیوایە هەموو زمانێک کە لە دایک دەبێت هۆکاری گۆڕانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. واتە گۆڕانەکان و هۆکارەکانیش سروشتین و لەگەڵ پەیدابوون و لەدایکبووندا لەگەڵ زماندا لەدایک دەبن. لەبەرئەوەی کاتێک کە زمان لەدایک دەبێ کۆمەڵێک لاسەنگی تێدایە، ئەم لاسەنگیانەش خۆیان لە دیاردە ناوێزەکاندا دەبیننەوە، زمانەکان و قسەپێکەرانیان بەردەوام هەوڵدەدەن ئەم لاسەنگیانە هاوسەنگ بکەنەوە. واتا لەنگی و ناڕێکی زمان کەمبکەنەوە، جا بۆیە کاتێک قسەپێکەرانی زمان چاڵێک لەم چاڵانە پڕ دەکەنەوە لە لایەکی تر چاڵێکی تر دروستدەبێت، دووبارە هەوڵدەدەن ئەمیش پڕبکەنەوە، دیسان لە لایەکی تر چاڵێک یان ناڕێکیەک دروست دەبێتەوە، بۆیە سەیر دەکەین زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە و ناوەستێت، کاتێک ئەم گۆڕانانە دەوەستن کە زمان بەرەو مردن و لە ناوچوون بڕوات.

**تیۆری ڕووداوی مێژووی و کۆمەڵایەتی**: هەندێک لە مانەوانەکان گۆڕانەکانی زمان دەگێڕنەوە بۆ ڕووداوی کۆمەڵایەتی وەک؛ شەڕ و جەنگی گەورەی بەربڵاو و درێژخایەن و داگیرکردن و برسیەتی و هەژاری و نەخۆشی و کۆچکردن و باری نائاسایی، هەروەها ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی وڵات، هەر یەکێک لەم ڕووداوانەی سەرەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕانی زمان.

تێبینی/ دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ لەم تیۆرییانە بە تەواوی دیاردەی گۆڕانی زمانمان بۆ لێک نادەنەوە، بەڵکو هەر یەکێکیان لایەنێکی ئەو گۆڕانانەژێکدەدەنەوە. (زمانەوانی: ١٣١). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵێک هۆکاری تر لە پشت دیاردەی زمانگۆڕانەوەن.

**گۆڕانی کۆنسنانتەکان**: وەک لە پێشەوە باسمانکرد لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکانی زمان و خستنەپاڵ یەکتریان لە کاتی بەکارهێناندا، دەنگ هەیە دەنگ قبووڵ ناکات و هەیە دەکەوێت و هەیە دێتەناوەوە، ئەمەش لە ڕێگای چەند یاسایەکەوە ڕوودەدات، کە پێی دەوترێت یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمان.

زمانی کوردیش وەک هەموو زمانەکانی تر ئەن گۆڕانانەی تێدا ڕوودەدات، بۆیە خاوەنی کۆمەڵێک یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بە خۆیەتی؛ سەبارەت بە گۆڕانی کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی، دەکرێت باس لە چەند گۆڕانێک یان چەند دیاردەیەک بکرێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم: گونجان (Assimilation): دیاردەی گونجانی دەنگ بریتییە لەو گۆڕانەی کە بە سەر دەنگێکدا دێت  تاوەکوو لەگەڵ دەنگەکانی دەوروپشتیدا، یاخود لەگەڵ دەنگی دراوسێیدا بگونجێت، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین دێتە ئاراو، کە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە. گونجانی دەنگەکانیش دەکرێت بە دوو شێوە لێک بدرێتەوە؛

**١- گونجانی تەواو** (complete Assimilation): بریتییە لە گۆڕان یان گونجانی دەنگێک لەگەڵ دەنگەکانی دەوروبەردا، لەم بارەدا دەنگێک بە تەواوەتی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگە هاوسێکانی دا بگونجێت لەناو زنجیرەی دەنگدا، واتە گۆڕانەکە شێوەیەکی تەواو وەردەگرێت و دەنگی (کارتێکراو) دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی (کارتێکەر) بگونجێت و لەو بچێت، وەک؛

لێم دا ⟵ لێما ، کتێبەکەم پێشان دا ⟵ پێشان نا ، لێت دەدەم ⟵ لێد دەدەم

حەڤدە ⟵ حەڤڤە

ئەم گۆڕانانەی کە لەو نموونانەی سەرەوە بەرجەستە بوون، بریتین لە گونجان بەرەو پێشەوە، چونکە دەنگی پێشەوە کاری کردۆتە سەر دەنگی دواو، بە واتایەکی تر دەنگی دواوە کەوتووەتە ژێر کاریگەری دەنگی پێشەوە. هەندێک جار گۆڕان یان گونجانکە بە پێچەوانە دەبێت، واتا دەنگی دواوە کار دەکاتە سەر دەنگی پێشەوە وەکوو خۆی لێ دەکات بەمەش دەبێتە گونجان بەرەو دواوە وەک؛ سەرت داگرە        سەرد داگرە ، لەگەڵت دێم لەگەڵد دێم، بەرامبەر        بەراممەر

پەمبە ⟵ پەممە، عەمبار ⟵ عەممار ، ئەوەندەم زانی ⟵ ئەوەنگەم زانی

بەمەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گونجانی تەواویش دەبێت بە دوو جۆر

- گونجان بەرەو پێش.
- گونجان بەرەو دوا

٢- گونجانی ناتەوە: لەم جۆرەی گۆڕاندا بەشێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی گونجانێک لەگەڵ دەنگی دەوروپشتدا دروست بکات. واتا گۆڕانەکە هەموو سیفاتەکان یان هەموو سیماکانی دەنگەکە ناگرێتەوە بەڵکوو سیمایەک لە سیماکانی دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە ڕێککەوتنێک یان گونجانێک لەگەڵ دەنگێک لە دەنگەکانی دراوسێ پەیدا بکات، ئەم جۆرە گۆڕانەش لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگێک بە سەر دەنگێکی تری دراوسێدا پەیدا دەبێت لەم گۆڕانەدا سیمایەک لە سیماکانی دەنگی (کارتێکراو) گۆڕانی بە سەردا دێت بە هۆی کاریگەری دەنگی (کارتیکەر) ەوە، بۆ نموونە وەک گۆڕانی سیمای ژێداری یان بێژێی، یاخود قەڵەو بوونی دەنگ یاخود... تد.

ئەمەش دەبێت بە چەند جۆرێکەوە:

**آ- گونجان لە ڕووی گڕی** (**ژێداری**)**یەوە:** واتا گۆڕانی دەنگێکی کپ (بێژێ) بۆ دەنگێکی گڕ (ژێدا)، تاوەکوو لەگەڵ دەنگەکەی تردا بگونجێت لە ڕووی سیمای گڕیدا.

کاتێک دوو دەنگ لە چوارچێوەیەکدا دەردەکەون و دەبن بە دراوسێ، یەکێکیان کار لەئەویتر دەکات و ئەو کارلێکردنەش وادەکات کە سیمایەک لە سیماکانی دەنگی (کارتێکراو) واتە دەنگی دووەم بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی یەکەمدا واتە دەنگی (کارتێکەر) بگونجێ، بۆ نموونە؛ وەک گۆڕانی سیمای بێژێیی بۆ ژێداری ئەم جۆرە گۆڕانەش بە گشتی لە ئەنجامی پەیدابوونی چوارچێوەیەکی دەنگی کتوپڕ دێتە کایەوە، کە لە پاش دەنگە گۆڕاوەکە پەیدا دەبیت. ئەم جۆرە گۆڕانانە لەو دەنگانەدا ڕوو دەدەن کە کاتێک هەر دەنگێک بەرامبەری خۆی هەبێت لە ژێداری و بێژێییەوە، واتە سیمای بەرامبەریان هەبێت. وەک لە گۆڕانی ئەم دەنگانەدا دەر دەردەکەوێت؛

(ش ، ژ) : پێشمەرگە ← پێشمەرگە ،   (ت ، د): دەتبەم ← دەتبەم.

(س ، ز): خواستن ← دەخوازم ، پاشنوێژ ← پاژنوێژ ، پێشگر ← پێشگر،

دەستگر ← دەزگر

**ب- گونجان لە ڕووی کپی** (**بێژەیی**) **ەوە**: بریتییە لە گۆڕانی دەنگێکی کپ بە دەنگێکی گڕ لە پێناوی ئاسانی لە دەربڕیندا، وەک: چ بکەم ← چ بکەم، ڕۆژتان باش ← ڕۆشتان باش

**ج- گونجان لە ڕووی قەڵەوییەوە:** بریتییە لە گۆڕانی دەنگی سووک بۆ دەنگی قەڵەو بە مەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگی دراوسێدا وەک:

سەڵتە ← صەڵطە، گاڵتە ← گاڵطە

قەڵەو بوون وەک سیمایەک لە دەنگدا پەیدادەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی بەشی دواوەی زمان بەرەو مەڵاشووی نەرم دێتە کایەوە، لەڕاستیدا هۆکاری پەیدابوونی ئەم جۆرە گونجانە لە نێوان دەنگەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمیەتی بزاوتنی ئەندامانی دواوە و کەمکردنەوەی جووڵانەوەی ماسولکەیی، بەتایبەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی زمان لە کاتی درکاندنی دەنگی (ڵ) قەڵەو، بۆ نموونە؛ لە وشەی (سەڵتە)دا ئەندامەکان پێشوەخت ئامادەبن بۆ درکاندنی (ڵ) قەڵەو، واتە زمان بەرزدەبێتەوە بەرەو مەڵاشووی نەرم، پێش ئەوەی لامی قەڵەو بدرکێندرێت، ئەم حاڵەتەش واتە (حاڵەتی بەرزبوونەوەی زمان) کاردەکاتە سەر فۆنیمەکانی پێش و پاشی لامی قەڵەو هەردوکیان سیمای قەڵەوی وەردەگرن. وەک؛ (س ، ت).

بە کورتی کۆنسنانتەکانی پاش و پێشی لامی قەڵەو سیمای قەڵەوی وەردەگرن، یاخود کۆنسنانتەکانی وشەکە بەگشتی سیمای قەڵەوی وەردەگرن.

**د- گونجان لە ڕووی لێو خڕبوونەوە:** بریتییە لە وەرگرتنی سیمای (لێوخڕبوون) لەو دەنگانەی کە ئەم سیمایەیان نییە کاتێک لە تەنیشت ئەو دەنگانەدا دێن کە ئەم سیمایەیان هەیە، ئەم حاڵەتە بەزۆری لەو کاتەدا ڕوودەدات کە دەنگەکان دەکەونە پێش دەنگی (و ، ۆ)، وەک؛ (کوڕ، دۆ، قوڵ) هەرسێ فۆنیمی (ک، د، ق) سیمای لێوخڕبوون وەردەگرن بەکاریگەری دەنگی (و) لە (کوڕ و قووڵ)دا، هەروەها دەنگی (ۆ) لە (دۆ)دا.

**ه - گونجان لە ڕووی سازگەوە:** ئەمە بریتییە لە گۆڕانی سازگەی دەنگی (کارتێکراو) بۆ سازگەی دەنگی (کارتێکەر)، بە هەمان شێوە ئەمەش لە پێناوی ئاسان دەربڕینە، دەنگە کاریگەرەکە کاریگەری لەسەر دەنگێ دەوروبەری خۆی دادەنێت و سازگەکەی دەگۆڕێت و وەکوو خۆی لێدەکات وەک:

عەنبەر ← عەمبەر، بەرانبەر ← بەرامبەر

لەم نموونانەدا سازگەی فۆنیمی (ن) کە (پووکی)یە گۆڕاوە بۆ سازگەی دەنگی (م) کە (لێوی)یە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەنگەکە بە تەواوی بگۆڕێت.

**٢- نەگونجان (دورکەوتنەوە):** کاتێک دەنگ دەچێتە ناو زنجیرەی دەنگەوە و دەکەوێتە تەنیشت دەنگێکی تر، لەم بارەدا جاری وا هەیە واڕێک دەکەوێت دوو دەنگ لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن،

لە ئەنجامی ئەمەشدا یەکێک لە دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر، یاخود دەنگێک دەچێتە نێوانیانەوە وەک؛

بر + را ——◄ بردرا ، قەتتارە ——◄ قەرتار، پاش سەنگ——◄ پارسەنگ

**٣- لە ناوچوون** ( **سوان** ): بریتییە لەوەی کاتێک دوو دەنگی وەکیەک یان لە یەک نزیک دەکەونە پاڵ یەکتری لە ناو زنجیرەی دەنگدا، یەکێکیان دەسوێت یاخود لەناودەچێت لە پێناوی ئاسان دەربڕیندا، وەک؛

کورتتر——◄ کورتر، بڵندتر——◄ بڵنتر، ڕێککەوتن ——◄ ڕێکەوتن

**٤- پەیدابوونی دەنگ:** هەندێک زمانەوان پێیان وایە کە پەیدابوونی دەنگ لە ئەنجامی دروست نەبوونی هێشوە کۆنسنانت یاخود هێشوە ڤاوڵ ڕوودەدات، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە پەیدابوونی دەنگ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێک دەنگدا دروست دەبێت، کە ئەو دەنگانە ناتوانن لە تەنیشت یەکترییەوە بێن، بۆیە دەنگێک دەچێتە نێوانیان وەک:

مامۆستا + ەک——◄ مامۆستاکە، چەقۆ+ ەکە ——◄ چەقۆیەکە، نۆ+ دە ——◄ نۆزدە

**٦- دەنگە گۆڕکێ:** بریتییە لە گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی تر لە ناو زنجیرەی دەنگدا بەبێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات، وەک:

دەرۆم——◄ ئەڕۆم، لە دنیادا——◄ لە دنیایا، بادەم——◄ بایەم

**٧-جێگۆڕکێی دەنگ:** بریتییە لەوەی دوو دەنگ یان دوو بڕگە شوێنی خۆیان دەگۆڕنەوە، هەندێجار هەردوو شێوەی وشەکە لە یەک زاردا دەبینرێن، هەندێجاریش هەر یەکێک لە شێوەکاننی وشەکە لە زارێکدا دەبینرێن، بۆ نموونە: (بڕوانە، بنواڕە)، (تەزرە، تەرزە)، (بەفر، بەرف).

جاریوا هەیە ئەم جێگۆڕکێیە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەسەکانەوە هەیە، بەتایبەت لەو وشانەی کە لە زمانی ترەوە وەرگیراون وەک: (جومعە، جوعمە)، (ڕوبع، ڕوعب). (لەعنەت، نەعلەت)

تێبینی/ جگە لەم گۆڕانانەی سەرەوە، چەندین گۆڕانی تر لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، وەک؛( بەرلوتدان، بەرلێودان، بەر نەرمایی دان، بەرمەڵاشو دان، تەبایی... تد). بۆ زانیاری

زیاتر بڕوانە: (زمانەوانی؛ محمد معروف)، (بەگسازی چەند بابەتێکی... تالیب حوسێن)، (یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی: دولبەر شاڵی).

د. عمر احمد